زنجيره ڕێنماييمكانى ڕێگاى ڕاست (١٧)

لەبڵاوكراوەكانى ماڵپەڕى ئيمان وەن
www.iman1.com

ئەركى دايك و باوك
وە
مافى منداڵ
لە
سوونەتى صەحيحى پێغەمبەرى خودا (ﷺ)

ئامادەكردنى

عبدالوالي عبدالرحيم علي القزلجي

چاپى دووەم

ناوی کتێب

ئەرکی دایك و باوك وە مافی منداڵ لە سوونەتی صەحیحی پێغەمبەری خودا (ﷺ).

نوسینی

عبدالوالی عبدالرحیم علی

مافی چاپکردن و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە

بۆ

کتێبخانەی سیما

ژ.م (٠٧٧٠١٢٣٦٠٨٩)

چاپی دووەم

١٤٣٠ ك - ٢٠٠٩ ز

ژمارەی سپاردن: (٣٤٦)

کتێبخانەی سیما

بنکەی بلاوکردنەوە:

کتێبخانەی سوننە
سلێمانی

کتێبخانەی سیما
چەمچەماڵ

کتێبخانەی زانست
کەلار

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەكی:

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَستَعِيْنُهُ وَنَستَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ باللهِ من شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَات أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْده اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ [سورة آل عمران: ١٠٢].

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ [سورة النساء : ١] .

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾ [سورة الأحزاب :٧٠ ــ ٧١] .

أَمَّا بَعْدُ :

فإن خير الحديث كتاب الله ، وأحسن الهدي هدي محمد (ﷺ) وشر الأمور محدثاتها ، وكل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار .

ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەستاوە بە چاودێری كردنی مرۆڤەكان هەر لەسەرەتای هاتنە ناو دونیاوە و پاشان قۆناغی گەنجی و ووردە وردە چونە

ناوتەمەنی پیری و لە كۆتایشدا مردنی، چونكە وەك ئاشكرایە دروست بوونی مرۆڤ و پاشان ژیان و مردنی بەبێ هۆ نی یە و هەروا بەخۆڕای نی یە ، بەڵكو مەبەست لە هاتنە بوونی هۆیەكی ڕوون و ئاشكرایە ، ئەویش بریتی یە لە پەرستنی خوای گەورە بەو شێوەیەی كە وویستی لەسەرە ، لە ژێر ڕۆشنای ناردنە خوارەوەی پەیام و هەڵبژاردنی پێغەمبەران (علیهم من الله أفضل الصلاة وأتم السلام) مرۆڤیش لە هەموو ئاستەكانی ژیانی دا پێویستی بە هەندێك یاسا وحوكم و ئاڕاستەكردن هەیە، هەتا بتوانێت لەوڕێ یەوە ڕێگای ڕاست و دروست بگرێتە بەر و خوای گەورە لە خۆی ڕازی بكات .

ئەم كتێبەش كە لە بەردەستت دایە ، باسی قۆناغێكی كاتی دەكات لە ماوەی ژیانی مرۆڤدا ، كە ئەویش ساتی هاتنە ناو دونیایەتی هەتا حەوتەم ڕۆژی لەدایك بوونی ، كەواتە پێویستە موسوڵمان هەستێت بە جێ بەجێ كردنی ئەو مافەی كە حەقێكی منداڵەكەیەتی بەسەریەوە لەو چەند ڕۆژەی سەرەتای ژیانی كە شەرع بۆی دیاری كردووە ،

ئەویش بریتی یە لە ئەنجامدانی گوێزەبانە و كۆمەڵێ كاری تر كە لە ناوەڕۆكی كتێبەكەدا ڕوون كراوەتەوە بە پشت بەستن بە صەحیحی سوونەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، هەروەها بۆچونی ڕاستی زانایانی پێشین ، ئەوەندەی كە خوای گەورە توانای داوە .

خوێنەری خۆشەویست : بەهۆی نەبوونی نووسراوێكی ڕێك و پێك و تاڕادەیەك نزیك لە سوونەتەوە دەربارەی گوێزەبانە بە زوبانی پاراوی كوردی، وە وەكو ئەركێكی سەرشانی خۆم بەخزمەت كردنی شەرعی خوا و

ڕوون كردنەوەی ، هەستام بە نووسینیئەمچەندپەڕەیە وەكو ئامۆژگاری و بیرخستنەوەیەك بۆ خۆم و سەرجەم موسوڵمانانی كوردستان، داواكارم لە خوای گەورە كە بیكاتە مایەی خێر و چاكە بۆ نووسەرەكەی وە بۆ ئەو كەسانەی كە بڵاوی دەكەنەوە ، وە بۆ ئەو كەسانەی دەیخوێننەوە و هەڵدەسن بە جێ بەجێ كردنی ناوەڕۆكەكەی وەهەرچییەككەتێیدا بوو لە حەق ئەوا لە خوای گەورەوەیە و فەضلی خۆیەتی ، وە هەرچی یەكی تێ دابوو لە بەتاڵ و ناحەقی ئەوا لەخۆمەوەیە و لە شەیتانی بەد كارەوەیە .

(وصلى الله على محمد و على اله وصحبه أجمعين).

✍كتبه الفقير إلى عفو ربه:

عبدالوالی عبدالرحيم علي

لەبڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی ئیمان وەن

www.iman1.com

بەشى يەكەم :

(ئەو كارانەى كە لە پێش وە لەكاتى لە دايك بوونى منداڵدا هەيە)

- فەرمانى شەرع بۆ زۆر خستنەوەى وەچە .
- نهێنى يەكەم قيژە و گريانى ساواى لە دايك بوو .
- مژدەدان بەو كەسەى چاوەڕێ ى منداڵ دەكات.
- ئەو پيرۆزباى يەى لە تازە بووك دەكرێت (بە دايكى كوڕ بيت) پيشە و كارى سەردەمى نەفامى و پێش هاتنى ئاينى ئيسلامە .

فەرمانی شەرع بۆ زۆر خستنەوەی وەچە

ئاینی ئیسلام هانی موسوڵمانان دەدات بەوەی کە هەوڵی ئەوە بدەن وەچە و نەوەی زۆر و باش بخەنەوە ، بۆ ئەوەی ئوممەتی ئیسلام هەمیشە لە بەرەو پێش چوون و دەسەلآت وهێزدا بێت، هەتا دوژمنانی ئیسلام ترس و بیمی موسوڵمانان لە ناو دڵ و دەروونیاندا بۆ ساتێکیش جیا نەبێتەوە ، لەوانەیە بوترێ زۆری موسوڵمانان چ دەورێکی هەیە ئەگەر توانای ماددیان کەم بێت ، بەڵام لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین ئەگەر موسوڵمانان لە ڕووی ژمارەوە زۆر بوون و بیروباوەڕیان پتەو بوو بە خوای خۆیان ئەوا بێ گومان کاریگەری یەکی گرنگی دەبێت لەسەر داهاتووی موسوڵمانان ، هەربۆیە پێویستە کە گوێ نەگرین لەو بیرو بۆچونە هەڵەیەی کە داوا دەکات ڕێژەی منداڵ بوون کەم بکرێتەوە ، بە بانگەشەی ئەوەی کە پەروەردە و فێرکردنیان کارێکی گرنگە و هەروا ئاسان نی یە ، نەخێر هەرگیز لەگەڵ ئەو بۆچونەدا نین و پێشمان وایە کە ئاینی ئیسلام هەستاوە بە چارەسەرکردنی پەروەردەکردنی منداڵ ، هەر لە هاتنە ناو دونیاوە هەتا کۆتا پلەکانی ژیانی . بەڵکو پێویستە هەستین بە جێ بە جێ کردنی ئەو فەرمانەی پێغەمبەری خوا

(ﷺ) کە هانی موسوڵمانان دەدات کە نەوەی زۆر بخەنەوە وە لە چەندەها فەرموودەدا ئاماژەی پێ کردووە لەوانە : (**(تزوجوا الودود الولود فإني مكاثر بكم الأمم)**) صحيح أخرجه أبوداود (٢٠٥١) و النسائي(٦\٦٥-٦٦)و الحاكم(١٦٢\٢) و ابن حبان (١٠٥٩) ، و صححه الحاكم و وافقه الذهبي .

واتە : با ئەو ئافرەتەی دەچنە داخوازی کەسێکی خاوەن ڕێز وخۆشەویست بێت وەلە هەمان کاتدا توانای منداڵ بوونی هەبێت . لەوانەیە بوترێ ئێمە چۆن بزانین کە ئەو ئافرەتە منداڵی زۆری دەبێت، دەڵێین بڕوانە دایکی و پوری و خزمانی.

نهێنی یەکەم قیژە و گریانی ساوای لە دایك بوو

عن أبي هريرة رضي الله عنه قال : قال رسول الله (ﷺ) : (**(صياح المولود حين يقع { وفي رواية يولد } نزغة من الشيطان**)) أخرجه البخاري (٣٢٤٨) و مسلم (١٥\١٢٨_ نووي) و الطبراني في الصغير (٢٩) و الرواية الأخرى له، و إبن حبان (٦١٥٠-٦٢٠١-٦٢٠٢) .

واتە : ئەو قیژەیەی منداڵی لەدایك بوو لەو کاتەدا کە لە دایك دەبێت بە هۆی ئەو تێوەژەنینەی شەیتانەوەیە، لەو کاتەدا کە لەدایك دەبێت شەیتان حازرە و ئەکێشێت بە هەردوو کەلەکەی دا و ئازاری پێ دەگات، هەربۆیە منداڵەکەش دەست دەکات بە گریان ،جاباشە هێشتا ئەم منداڵە هیچ نازانێت

ئەم دوژمنە سەرسەختەی ئاوای لێ دەكات ، ئەی باشە كە ووردە ووردە گەورە بوو، وە چووە تەمەنەوە دەبێت چی لێ بكات ، پەنا بەخوا لە شەڕی شەیتان .

مژدەدان بەو كەسەی چاوەڕێ ی منداڵ دەكات

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا باسی مژدە بەخشینی كردووە بەوكەسانەی كەمنداڵیان پێ بەخشراوە لە لایەن خوای گەورەوە لە چەندەها ئایەت دا ، وە ئەو مژدە دانە دەبێت بە هۆی دروست بوونی سۆز و خۆشەویستی لە نێوان موسوڵمانانەدا ، خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ يَٰزَكَرِيَّآ إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَٰمٍ ٱسْمُهُۥ يَحْيَىٰ ﴾ مريم: ٧

هەروەها دەفەرموێت :﴿ فَبَشَّرْنَٰهُ بِغُلَٰمٍ حَلِيمٍ ﴿١٠١﴾ ﴾ الصافات: ١٠١

خوای گەورە لەم دوو ئایەتەدا مژدە دەدات بە هەردوو پێغەمبەرەكەی (زەكەریا و ئیبراهیم) (علیهما السلام) كەوا منداڵی پێ بەخشیون ، هەروەها دروستە و كارێكی جوانە كە ئەو كەسەی مژدەكەت دەداتێ شتێكی پێ ببەخشی هەروەك چۆن (كەعبی كوڕی مالیك) عەباكەی خۆی دا بەو كەسەی كە مژدەی لێ خۆش بوونی خوای ی بۆ هێنا ، وە پێویستە وەكو موسوڵمان حەز بە خۆشی و شادی موسوڵمانان بكەین و دڵ تەنگ و ناڕەحەت ببین بە ناخۆشیان .

ووتنی بە دایكی كوڕ بیت پیرۆزبای سەردەمی نەفامەكان بووە

ئەم جۆرە پیرۆزبایكردنە كارێكیخراپەوپیشەوكاری سەردەمی نەفامی یە ، وە دروست نی یە و پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەهی لێ كردووە ، وەك دەفەرمووێت لە (حەسەنە) وە : ((**أن عقيل بن أبي طالب تزوج إمرأة من جشم فدخل عليه القوم فقالوا : بالرفاء و البنين ، فقال : لا تفعلوا ذلك (فإن رسول الله نهى عن ذلك) قالو : فما نقول يا أبا زيد ؟ قال : قولو : بارك الله لكم ، و بارك عليكم إنا كذلك كنا نؤمر .**)) رواه النسائي (٢\٩١) و إبن ماجه (١\٥٨٩) و الدارمي (٢\١٣٤) و البيهقي (٧\١٤٨) و أحمد (رقم : ٣٧٣٩\٤٥١) . ((قال الامام الألباني في اداب الزفاف ص : ١٧٦- طبعة دارالسلام (يتقوى بمجموع الطروق)).

واتە :(عەقیلی كوڕی ئەبی طالیب)ژنێكی خواست لە قەومی (جشم) ، كاتێك كە خزمەكانی هاتن بۆلای پێیان ووت : بە دڵی خۆش بێت و بە دایكی كوڕ بن ، ئەویش ووتی وا مەڵێن چونكە (پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەهی كردووە لە ووتنی ئەو قسەیە) ئەوانیش ووتیان ئەی بلێین چی ئەی باوكی زەید ؟ فەرمووی بڵێن :خوای گەورە بەرەكەت بخاتە هاوسەریتانەوە، خوای

گەورە بەرەکەتی خۆی بڕژێنێت بە سەرتاندا ، وە ئێمە فەرمانمان پێ کراوە کە ئاوا بڵێین .

دوو پرسیاری گرنگ

پرسیاری یەکەم : ئایا دروستە سنووردارکردنی خستنەوەی منداڵ ؟
وەڵام : ئەم سنووردار کردنە یەکێکە لەو بەڵایانەی کە موسوڵمانان پێوەی گیرۆدە بوون ، لەگەڵ ئەوەی کە ئەم سنووردار کردنە چەندەها شێوەی هەیە ،بۆ نموونە ئەگەر ئەودیاری کردنەی منداڵ بوونە لە ژمارەیەکی کەمدا بگەڕێتەوە بۆ ئامۆژگاری پزیشکە موسوڵمانە دڵسۆزەکان وەکو ئەوەی کە ئامۆژگاریان بۆ ئەو ژنو مێردە ئەوە بێت کە سنووردارکردنی منداڵیان لەبەر خاتری تەندروستی ئافرەتەکەیە کە بەهۆیەوە زیانی پێ‌دەگات ،ئەگەر ئەم ئامۆژگاری یەلە لایەن پزیشکێکی زیرەکی موسوڵمانەوە بوو ئەو کاتە ئەمە عوزرێکی شەرعی یە بۆ ئەو ئافرەتە کە نەهێڵێت منداڵی ببێت ، مادەم زیانی پێ دەگات ، ئەم جۆرە لە نەهێشتنی منداڵ بوون لە دوای چەند دانەیەك دروستە ، با نموونەیەکی تر باس بکەین کە پێچەوانەی نموونەکەی پێشترە ، ئەگەر هاتوو ژن و مێردێك حەزیان کرد ئیتر منداڵیان نەبێت یان منداڵیان زۆر نەبێت ، بەهۆی ترسی هەژاری ، بۆ نمونە دەڵێت من و ژنەکەم دووان دوو منداڵیشمان هەیە ئەوە چوار پێنجەمیشمان سەگەکەمانە

... هەریەکێك لەم ئەندامانە چەندە ڕۆژانە سەرف دەکات و چەندی پێویستە (کە ئەمەش سیفەتی گاوور و جولەکەیە) ئەو پارەیەی بەهۆی کارگوزاری یەوە وەری دەگرین سەری مانگ هەر ئەوەندەیە کە بەشی ئەم پێنجەمان بکات ، ئائەم بێنە و بەردەیە لە ئیسلامدا حەرامە و دروست نی یە ، لە بەر ئەوەی پاڵنەر بۆ نەهێشتنی منداڵ بوون لێرەدا بریتی یە لەو بیرکردنەوە نەفام وخراپەی پێش هاتنی ئاینی ئیسلام کە خوای گەورە موسوڵمانانی لێ ئاگادار دەکاتەوە و دەفەرموویت : ﴿ وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَوْلَٰدَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَٰقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ ﴾الإسراء: ٣١

واتە منداڵەکانتان مەکوژن لە ترسی هەژاری ئێمە ڕزقی ئێوە و ئەوانیش دەدەین ، هەروەها کەسی باوەڕدار و موسوڵمان باوەڕی وایە کەئەو منداڵە پێش ئەوەی بێتە ئەم دونیایەوە هەر لەناو سکی دایکی دا ڕزقەکەی دیاری کراوە ، کەواتە نەهێشتنی بوونی منداڵ یان دیاری کردنی بە ژمارەیەك دروست نی یەو حەرامە مەگەر لە بەر هۆی نموونەی یەکەم نەبێت ... (الحاوي من فتاوى الشيخ الألباني لاپەڕە: ٣٣٢) .

پرسیاری دووەم : ئایا دروستە بەکارهێنانی حەپی نەهێشتنی منداڵ بوون ((حبوب المنع)) ؟

وەلام :دروستنی‌یە بەکارهێنانی ئەو جۆرە حەپانە ، تەنها لە حاڵەتێکی زۆر پێویستدا نەبێت ئەویش کاتێك کە پزیشکی شارەزا بڕیار بدات بەوەی کە

سك پڕبوونی ئەو ئافرەتەدەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە تەندروستی و مردنی لێ دەكەوێتەوە . بەڵام بەكارهێنانی ئەو حەپە بۆ دواخستنی ماوەی سك پڕ بوون دروستە بۆ ئافرەتێك ئەگەر پێویستی پێ بێت ، وەك ئەوەی كە تەندروستی ی و لاشەی توانای ئەوەی نەبێت كە هەموو ساڵێك منداڵی ببێت یاخود بە هۆی شیردانی منداڵی بچوكی یەوە نەتوانێ ، بەو مەرجەی ئەو حەپەی بەكاری دەهێنێت ڕێ لە سك پڕ بوون نەگرێت بەڵكو تەنها ماوەی سك پڕبوونەكە دوا بخات ، ئەمەش كاتێك دەبێت كە سەردانی پزیشكی شارەزا بكات و ئەو بڕیار بدات بەوەی كە پێویستە ئەو حەپە بەكار بهێنێت . (المنتقى من فتاوى فضيلة الشيخ صالح الفوزان (١٧٥\٣)) .

بەشی دووەم :

(ئەو كارانەی كە لە یەكەم ڕۆژی لەدایك بوونی منداڵ دا دەكرێت).

- شیرین كردنی مەلاشووی .
- سوودی مەلاشوو شیرین كردن (التحنیك) .
- بانگ دان بە گوێ ی منداڵە لەدایك بووەكەدا .

شیرین كردنی مەلأشووی

((**تحنيك**)): بریتی یەلەجووینی شتێك و پاشان شتە جوراوەكە بخرێتە ناو دەمی منداڵەكە ، وە بسوێتەمەلأشووی.

١. حدثني إسحاق بن نصر حدثنا أبو أسامة قال : حدثني بريد عن أبي بردة عن أبي موسى رضي الله عنه قال : ((**ولد لي غلام ، فأتيت به النبي فسّماه إبراهيم ، فحنكه بتمرة، و دعا له بالبركة ، و دفعه إلي ، و كان أكبر ولد أبي موسى**)) .

(٥٤٦٧– فتح).

ئەبوموسای ئەشعەری دەفەرمووێت : ((كوڕێكمان بوو ، منیش بردم بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) ، ئەویش ناوی نا ئیبراهیم و مەلأشووی شیرین كرد بە خورمای جوراوی ناو دەمی پیرۆزی خۆی و دۆعای خێر و بەرەكەتی بۆ كرد ، پاشان دایەوە دەستم ،وە ئەو منداڵە كوڕە گەورەی (ئەبو موسا) بوو .)) دەبینین كە لە دوای لەدایك بوونی ئەو منداڵە باوكی هەر زوو هێنای بۆلای پێغەمبەر(ﷺ)، كە لە دوای ناونانی مەلأشووی شیرینكردبەخورما، كەواتە ئەگەر كەسێك نەیتوانی گوێزەبانە بكات یان نەیویست بیكات پێویست

ناكات ناونانەكەی دوابخات بۆ ڕۆژی حەوتەمی ، هەروەها شیرین كردنی مەلأشووی منداڵ مەرج نی یە حەوتەم ڕۆژ بێت بەڵكو دروستە و سووننەتە دوا بەدوای لەدايك بوونی مەلأشووی شیرین بكرێت (التحنيك) .

٢. حدثنا هشام بن عروة عن أبيه عن أسماء بنت أبي بكر أنها حملت بعبدالله بن الزبير بمكة . قالت : فخرجت و أنا متم، فأتيت المدينة فنزلت قباء ، فولدت بقباء ، **ثم أتيت رسول الله (ﷺ) فوضعته في حجره ثم دعا بتمرة فمضغها ثم تفل في فيه فكان أول شئ دخل جوفه ريق رسول الله (ﷺ) ثم حنكه بتمرة ثم دعا له فبّرك عليه**)) أخرجه البخاري (٥٤٦٩- فتح) و مسلم (٢١٤٦، ٢١٤٨ – نووي) و الترمذي (٣٨٢٦) و أحمد (٦\٢٤٧) .

ئەسمائی كچی ئەبو بەكر (خوا لێیان ڕازی بێت) حامیلە بوو بە (عبدالله) وە ، وە باسی بەسەرهاتی خۆی دەكات و دەفەرمووێت : لە مەككەوە كۆچمان كرد بۆ مەدینە وە من سكم نۆ مانگ بوو ، كاتێك كە گەیشتینە مەدینە لە (قوباء) لاماندا و لەوێ منداڵەكەم بوو، پاشان بردم بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش خستی یە كۆشی یەوە و داوای خورمای كرد ، ئەمجا خورماكەی خستە دەمی یەوە و جووی ، پاشان هەندێكی خستە ناو دەمی منداڵەكەمەوە ، وە ئەوە یەكەم شت بوو كە چووە ناو گەدەیەوە ، هەر بەخوركامە مەلأشووی شیرین كرد و دۆعای خێری بۆ كرد و دەستی هێنا بە لاشەی دا)) .

٣. قالت عائشة رضي الله عنها : ((أتي النبي بصبي يحنكه فبال عليه ، فأتبعه الماء)) هكذا جاء في (فتح الباري – ٥٤٦٨) .

واتە : منداڵێكیان هێنا بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەوەی ناو دەمی شیرین بكات ،منداڵەكە میزی كرد بە كۆشیدا و، پێغەمبەریش (ﷺ) ئاوی كرد بە شوێنی میزەكەدا . ئەم فەرموودانەی كە باسمان كرد بەسە بۆ ڕوونكردنەوەی ئەو كارە، كە بریتی یە لە شیرین كردنی مەلاشووی منداڵەكە ، وە بزانین كە سوونەتە و پێویستە پیٚ ی هەستین .

ئیمامی نەوەوی لە (شرح صحيح مسلم١٤\٢٧٢)دەفەرمووێت:((ئەمفەرموودانە چەند سوودێكی لیٚ وەردەگیریٚ ، لەوانە سوننەتە مەلاشووی منداڵ شیرین بكرێتبەتێكڕای زانایان ، هەروەها كەسێكی خاوەن بیروباوەڕ پاك و كردار و ووتە جوان هەستێت بەو كارە ئیتر پیاو بێت یان ئافرەت، هەروەها سوننەت وایە كە مەلاشووی بە خورما شیرین بكرێت بەلاٚم ئەگەر بە غەیری خورماش مەلاشوویان شیرین كرد هەر دەبێت ، هەرچەندە خورما چاكترە، .. هەروەها ڕازی بوون بەو ناوەی ئەو كەسەی كە مەلاشووی شیرین دەكات)).

سوودی مەلأشوو شیرین کردن (الحكمة من التحنيك)

زانایان قسەوباسێکی زۆریان کردووە دەربارەی حیکمەت لە مەلأشوو شیرین کردن ، وە باسی زۆرێك لەو بۆچونە جیاوازانەیان کردووە دەربارەی ئەو مەسەلەیە لەگەڵ ئەوەی کە هیچ کام لەو بۆچونانە پاڵپشتێکی نی یە لە شەرعدا .

ئیمام (**العينى**) لە ((عمدة القارئ))دا دەفەرمووێت:(ئەگەر بڵێیت سوودی مەلأشوو شیرین کردن چی یە ؟ئەوا دەڵێم هەندێك لە زانایان دەفەرموون بۆ ئەوەیە کە ئەو منداڵە ڕابێت وپەراوە بێت بۆی هەتا بتوانێت نان بخوات ، (سبحان الله) لەم بۆچونە سارد و سڕە ، کەی ئەمە ڕاستە لە کاتێکا کە مەلأشوو شیرین کردن دوابەدوای لەدایك بوونیەتی و نان خواردن زیاتر لە دوای دووەم ساڵی دەست پیّ دەکات، یان کەمتر یاخود زیاتر ، بەڵکو حیکمەت تیّ ی دا گەشبین بوونە بەوەی کە ئەو منداڵە باوەڕدار بێت،لەبەر ئەوەی خورما بەرهەمی ئەو درەختەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) شوبهاندوویەتی بە ئیماندارەوە ...) عمدة القارئ بشرح صحيح البخاري (٢١\٨٤) .

بانگ دان بە گویّ ی مندالّە لەدایك بووەكە دا

هەموو ئەوانەی كە باسی ئەم مەسەلەیان كردووە یاخود شتیان نووسیوە زۆربەیان دەلّێن بانگ دان بە گویّ ی مندالّدا سوننەتە ، بەلاّم لە ڕاستی دا وانی یە چونكە هەموو ئەو فەرموودانەی دەربارەی بانگ دان هاتووە هەرهەمووی لاوازە وە لە كتێبی(أحكام المولود) دا كە نووسراوی هەردوو قوتابی عیلم (سالم علی راشد الشبلی) و(محمد خلیفه محمد الرباح) لە لاپەڕە (٣٤-٣٩) دا بە شێوەیەكی تێر و تەسەل باسی ئەو فەرموودانە كراوە و لێكۆلّینەوەیەكی باشی لەسەر كراوە ،منیش لەبەر گرنگی باسەكە بە پێویستم زانی كە بۆتی نقلّ بكەم هەرچەندە دوور و درێژە :

دەربارەی بانگدان بە گویّ ی مندالّدا سیّ فەرموودەهاتووە:

یەكەم : عن أبي رافع مولى رسول الله (ﷺ) قال : **((رأيت رسول الله (ﷺ) أذن في أذن الحسن بن علي بالصلاة حين ولدته فاطمة رضي الله عنها)).**

أخرجه أبوداود (٥١٠٥) و الترمذي (٤\١٥١٤) و البيهقي في الكبرى (٩\٣٠٠) و الشعب (٦\٣٨٩-٣٩٠) ، و الطبراني في الكبير (٩٣١-٢٥٧٨) و الدعاء له (٢\٩٤٤) ، و أحمد (٦\٩-٣٩١-٣٩٢) ، و عبدالرزاق (٧٩٨٦) ، و الطيالسي (٩٧٠) و الحاكم (٣\١٧٩) ، و البغوي في شرح السنة (١١\٢٧٣) . و قال الحاكم

صحيح الإسناد ولم يخرجاه . و تعقبه الذهبي فقال : قلت عاصم ضعيف)) . و قال الترمذي : هذا حديث حسن صحيح. كلهم من طريق سفيان الثوري عن عاصم بن عبيدالله عن عبيدالله بن أبي رافع عن أبيه به .

و أخرجه الطبراني في الكبير (٩٢٦,٢٥٧٩) ، و أورده الهيثمي في مجمع الزوائد (٤\٦٠) من طريق حمّاد بن شعيب عن عاصم بن عبيدالله عن علي بن الحسين عن أبي رافع بزيادة ((**أذن في أذن الحسن و الحسين** ، و قال في اخره ((**و أمرهم بذلك**)) .

ففي هذا لإسناد حمّاد بن شعيب ، ضعفه ابن معين ، و قال البخاري منكر الحديث ، و في موضع اخر تركوا حديثه ، و قال الهيثمي في المجمع : (٤\٦٠) فيه حماد بن شعيب وهو ضعيف جدا . قلنا : و فيه أيضا عاصم بن عبيدالله وهو ضعيف وقد خالف حمّاد هذا سفيان الثوري سندا و متنا ، حيث رواه عن عاصم عن علي بن الحسين عن أبي رافع بإبدال عبيدالله بن أبي رافع بعلي بن الحسين و زاد لفظة (الحسين) و الأمر بلأذان ، و حمّاد هذا ممن لا يقبل حديثه إذا انفرد لما علمت من ضعفه كيف وقد خالف من هو أوثق منه و أضبط و هو الثوري ، فعلى هذا يكون حديث حمّاد منكرا ، لضعفه أولا و لمخالفته الثقة ثانيا ، أما الطريق الأولى و هي طريق سفيان ففيها عاصم بن عبيدالله . قال ابن حجر في التقريب : ((ضعيف)) و ذكر في التهذيب (٥\٤٢) أن شعبه قال: ((كان عاصم لو قيل له من بنى مسجد البصرة لقال فلان عن فلان عن النبي (ﷺ) أنه بناه)) . قال الذهبي في الميزان : (٢\٣٥٤) قال أبوزرعة و أبوحاتم : منكر الحديث و قال الدارقطني : يترك ، و هو مغفل ثم ساق له حديث أبي رافع أن رسول الله أذن في أذن الحسن و الحسين)) ا.ه .

فالحديث على هذا ضعيف لأن مداره على عاصم و قد عرفت حاله ، و قد ذكر ابن القيم في كتابه تحفة الودود (١٧) حديث أبي رافع ثم أورد حديثين أحدهما عن ابن عباس و الاخر عن الحسين بن علي و جعلهما شاهدين لحديث أبي رافع و بوّب على هذا

بابا سمّاه استحباب الاذان في أذن الصبي ، و ليس هذا بجيد منه لما ستعلم قريبا انشاءالله تعالى .

أما حديث ابن عباس _ **دووەم** _ فأخرجه البيهقي في شعب الإيمان (٦\٨٦٢٠) عن محمد بن يونس عن الحسن بن عمرو بن سيف السدوسي نا القاسم بن مطيب عن منضور بن صفيه عن أبي معبد عن ابن عباس . ((**أن النبي أذن في أذن الحسن بن علي يوم ولد فأذن في أذنه اليمنى و أقام في أذنه اليسرى**)) ثم قال البيهقي في إسناده ضعف .

قلنا : هو موضوع و علته الحسن بن عمرو هذا قال في التقريب ((متروك)) و قال ابن أبي حاتم في الجرح و التعديل (١\٢\٢٦) ترجمة رقم (١٠٩) ((سمعت أبي يقول رأيناه بالبصرة ولم نكتب عنه وهو متروك الحديث)) . وقال الذهبي في الميزان : ((كذبه ابن المديني ، و قال البخاري كذاب و قال الرازي متروك)) .

و كما هو معلوم من قواعد مصطلح الحديث : أن الحديث الضعيف لا يرتقي إلى الصحة أو الحسن إلا بمجيئه من طريق أخرى بشرط الاّ يكون في هذا الطريق من يشتدّ ضعفه فضلا عن أن يكون فيه كذاب أو متروك فالحديث و الحالة هذه يبقى على ضعفه ولا يرتقي إلى رتبة الإحتجاج به فالذي تقتضيه الصناعة الحديثية أن حديث ابن عباس لايصلح أن يكون شاهدا لحديث أبي رافع فيبقى على ضعفه و يكون حديث ابن عباس موضوعا .

و أما حديث الحسين بن علي _ **سىێ يەم** _ فهو من رواية يحيى بن العلاء عن مروان بن سالم عن طلحة بن عبيدالله عن الحسين بن علي قال : قال رسول الله (ﷺ) : ((**من ولد له مولود فأذن في أذنه اليمنى و أقام في أذنه اليسرى لم تضرّه أم الصبيان**)) .

أخرجه البيهقي في شعب الإيمان (٦\٣٩٠) و ابن السني في عمل اليوم و الليل (ح – ٦٢٣) و أورده الهيثمي في مجمع الزوائد (٤\٥٩) ، و قال : رواه أبو يعلى و فيه مروان بن سالم الغفاري وهو متروك . قلنا وهو عنده برقم (٦٧٨٠) .

و قال محققه : إسناده تالف و يحيى بن العلاء متهم بالوضع ثم قال : ((كما يشهد له { أي لحديث أبي رافع } حديث عبدالله بن عباس ذكره ابن القيم في تحفة الودود (ص ١٦) و أخرجه البيهقي في الشعب و به يتقوى حديث أبي رافع و لعله لذلك قال الترمذي . هذا حديث حسن صحيح أي لغيره والله أعلم أ.ﻫ (١٢\١٥١-١٥٢) .

قلنا : وليس الأمر كما قال فحديث ابن عباس فيه كذاب ولا يصلح أن يكون شاهدا لحديث أبي رافع كما تقدم البيان والله أعلم .

وحديث الحسين بن علي هذا (موضوع) و فيه يحيى بن علاء و مروان بن سالم يضعان الحديث كما ذكر هذا الشيخ الألباني في سلسلة الضعيفة (٣٢١) و أورد حديث ابن عباس في الضعيفة تحت رقم (٦١٢١) و هذا هو الذي يقتضيه البحث العلمي الصحيح و يبقى حديث أبي رافع على ضعفه لأنه كما قال الحافظ ابن حجر في التلخيص (٤\١٩٤) : ((و مداره على عاصم بن عبيدالله وهو ضعيف)) . و قد أورد الشيخ الألباني رحمه الله حديث أبي رافع في صحيح سنن الترمذي تحت رقم (١٢٢٤) و صحيح سنن أبي داود (٤٢٥٨) و قال حديث حسن . و قال في الإرواء (٤\٤٠١) هذا حديث حسن إن شاءالله .

و قال الشيخ الألباني في سلسلة الضعيفة (١\٤٩٣) مضعفا هذا الحديث ((قد روى الترمذي بسند ضعيف عن أبي رافع قال **رأيت رسول الله (ﷺ) أذن في أذن الحسين بن علي حين ولدته فاطمة بالصلاة**)) .

و قال الترمذي حديث صحيح ((والعمل عليه)) ا.ﻫ ثم قال الشيخ الألباني ((يمكن تقوية حديث أبي رافع بحديث ابن عباس { ثم ذكره } أخرجه البيهقي في الشعب .

قلت _ أي الشيخ الألباني _ ((فلعل إسناد هذا خير من إسناد حديث الحسن (والصواب الحسين) بحيث يصلح أن يكون شاهدا لحديث أبي رافع والله أعلم . فإن كان

كذلك فهو شاهد للتأذين فإنه الذي ورد في حديث أبي رافع وأما الإقامة فهي غريبة والله أعلم)) .

ثم قال الشيخ الألباني في الإرواء (٤\٤٠١) : قلت وقد روى الحديث عن ابن عباس أيضا بسند ضعيف أوردته كشاهد لهذا الحديث عند الكلام على الحديث الاتي بعده في سلسلة الأحاديث الضعيفة رقم (٣٢١) و رجوت هناك أن يكون شاهدا لهذا والله أعلم .

ثم قال الشيخ في الضعيفة (طبع مكتبة المعارف) (١\٤٩٤) رقم : **٣٢١** ((و أقول الان وقد طبع الشعب إنه لا يصلح شاهدا لأن فيه كذابا و متروكا فعجبت من البيهقي ثم من ابن القيم (وكذلك شيخه ابن تيمية) كيف اقتصرا على تضعيفه ، حتى كدت أن أجزم بصلاحيته للإستشهاد فرأيت من الواجب التنبيه على ذلك و تخريجه فيما يأتي (٦١٢١))) أ.ه .

بەشی سێ یەم :

(ئەو كارانەی كە پێویستە ڕۆژی حەوتەم جێ بەجێ بكرێت)

- گوێزەبانە (النسيكة أو العقيقة) .
- تاشینی سەری منداڵی لەدایك بوو .
- ناونانی .
- خەتەنەكردنی .

گوێزەبانە (النسيكة أو العقيقة)

ووشەی گوێزەبانە لە چی یەوە هاتووە ؟

(**العَقيقة**) بەو شێوەی كەفەتحەيەك لەسەر پيتی (ع) دايە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاژەڵەی كە سەردەبڕێت بۆ منداڵی تازە لەدايك بوو .لەگەڵ ئەوەی كە جياوازی هەيە دەربارەی بنچينە و بنەمای ئەم ووشەيە ، (أبوعبيد و الأصمعي) ووتويانە : ئەصلی ئەو ووشەيە بريتی يە لەو قژەی كە لەسەری منداڵی تازە لەدايك بوودا ڕوواوە كاتیّ كە لەناو سكی دايكی دا بووە وە(زمخشري) يش و كەسانیتر لەئەهلیعيلم ئەم بۆچونەيان بەلاوە پەسەندە ، هەروەها هەندێكی تر دەڵێن : ناوی (حەوتم) بەو ئاژەڵە دەڵێن كە سەردەبڕێت بۆ ئەو منداڵە لەوكاتەدا ،لەبەر ئەوەی لە كاتی سەربڕينەكەدا قژی دەتاشریّ وە ئيمام ئەحمەد دەفەرمووێت : ئەم ووشەيە وەرگيراوەلە دوولەت كردن و بڕين ،(ابن عبدالبر) و كۆمەڵێك هەمان بۆچونيان هەيە، خطابي دەفەرمووێت : (گوێزەبانە) ناوی ئەو حەيوانەيەكە سەردەبڕێت لەپای ئەو منداڵەی كە تازە لەدايك بووە، وە بۆيە دەوترێت (عقيقة) لەبەرئەوەی شوێنیدياری كراولەملی ئەو ئاژەڵە لێدەكرێتەوە ودەبڕێت .

(ابن فارس) دەفەرموويت : ئەو حەيوانەی كە سەردەبڕێت و قژی ئەو ساوايەیكەدەتاشرێتبەهەردووكيان‌دەوترێت (گوێزەبانە) ،هەندێكیتردەڵێن گوێزەبانە بەو شوێنە دەوترێت كە وولأخەكەی تیّ دا سەردەبڕرێت .

حافظ ابن حجر دەفەرموويت : ((دەربارەی ئەوەی كە بەو ئاژەڵە دەڵێن گوێزەبانە (عطاء) لە (ئيبن عەبباسە) وە بە مەرفوعی هێناويەتی : (بۆ كوڕ دوو گوێزەبانە ، بۆ كچ يەك گوێزەبانە) أخرجه البزار ، وقال لا نعلم بهذا اللفظ إلا بهذا الإسناد أ. ه . وقد ذكره البيهقي في السنن الكبرى (٩\٣٠١) و وقع في عدة أحاديث ((**عن الغلام شاتان و عن الجارية شاة**) . (فتح الباري ، ص :٧٢٦ ج٩ .)

هەروەها (العق) لە زمانەوانی دا : بە مانای بڕين و پچڕاندن (قطع) دێت ، هەروەك دەوترێت دەربارەی ئەو كەسەی كە پەيوەندی دەبڕێت لەگەڵ دايك و باوكی دا (أي قطع صلتهما) . وە ئەم ناوەش واتە (گوێزەبانە) هەموو سەربڕينێك ناگرێتەوە ، تەنها ئەوە نەبێت كە لە دوای لەدايك بوونی ساوا سەردەبڕێت ، وە ئەمە بۆچونی زانای كۆچ كردوو (محمد بن صالح العثيمين)ە ڕەحمەتی خوای لیّ بێت .

كەواتە (گوێزەبانە) لە شەرعدا : بەو ئاژەڵە دەوترێت كە بۆ ساوای لەدايك بوو سەردەبڕێت وەكو سوپاس و ستايشێك بۆ خوای گەورە بەمەبەست و نيازی عيبادەت و مەرجی تايبەت. (أنظر العين لا: ٦٢ ، قاموس المحيط لا: ٦١٦ مادة (عقت) ، المنجد في اللغة لا: ٥١٧ مادة (عق) ، فتح الباري جزء: ٩ ، لا:٧٢٦) .

واجبێتی گوێزەبانە (وجوب العقيقه) :

گوێزەبانە زۆربەی زۆری زانایان فەتوایان داوە بەوەی کە حوکمی ئەو کارە جێگیر بووە لە شەرع داو دروستێتی هیچ گومانێکی تیّ دا نی یە ، لەوانە (ئیبن عەبباس و ئیبن عومەر و عائیشە و شارەزایانی تابعین و پێشەوا و زانایانی شاران ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لیّ بێت)وەکۆمەڵێك فەرموودە لەو بارەیەوە هاتووە لەوانە :

١. قال عليه الصلاة و السلام : ((**مع الغلام عقيقته فأهريقوا عنه دما و أميطوا عنه الأذى**)) . صحيح . أخرجه البخاري (٩\٥٤٧٢ _ فتح) و أبوداود (٢٨٣٩) و الترمذي (١٥١٥) و ابن ماجه (٢\٢٨١) و النسائي (٧\١٦٤) و الدارمي (٢\٨١) و أحمد (٤\١٨_ ٢١٤_ ٢١٥) و غيرهم .

واتە : هەموومنداڵێك کەلەدایك دەبێت گوێزەبانەی لە گەڵدایە جا خوێنی بۆ بڕێژن (بە سەربڕینی حەیوان) وە ئازار و ناڕەحەتی لیّ دوور بخەنەوە .

٢. هەروەها فەرموودەکەی (سەمورە) کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت : ((كل غلام رهين بعقيقته ... الحديث)) رواه أبوداود (٣\٢٨٣٨) و الترمذي (٤\١٠١\١٥٢٢) و النسائي (٨\١٦٦\٤٢٢٠) و ابن ماجه

(٣١٦٥\١٠٥٦\٢) و أحمد (٥\٧_٨) ، الإرواء (١١٦٥) و صحيح ابن ماجه (٢٥٦٣) .

واتە : هەموو مندالێك كە لەدايك دەبێت بارمتەيە هەتا ئەو گوێزەبانەى بۆ نەكرێت .

٣. وە فەرموودەكەى (السيدة عائشة) رضي الله عنها كە پێغەمبەرى خوا (ﷺ) فەرمانى پێ كردووين كەوا گوێزەبانە بكەين بۆ مندالّى كوڕ دوو شەك و بۆ مندالّى كچ شەكێك)) . رواه الترمذي (٣\٣٥\١٥٤٩) و ابن ماجه (٣١٦٣\١٠٥٦\٢) ، الإرواء (١١٦٦) صحيح ابن ماجه (٢٥٦٢) .

بۆچوونى زانايان :

ئيمامى شافعىدەفەرمووێت : دووكەس لە بابەتى گوێزەبانەدا ڕۆچوون يەكێكيان دەڵێت: ئەو كارە بيدعەيە ،وە ئەوەى تريان دەلێت : واجبە ، ئەو كەسەى كە ئيمامى شافعى باسى دەكات بەوەى كە دەڵێت واجبە مەبەستى پێ ى ئيمام (الليث بن سعد)ە لەگەلْ ئەوەى كە تەنها ئەم پێشەوا بەڕێزە وا نافەرمووێت بەتەنها بەڵكو (حسن و داود)يش دەفەرموون واجبە ، وە ئەو كەسەى كە دەڵێت بيدعەيە ، مەبەستى پێ ى ئيمام ئەبو حەنيفەيە ، (ابن منذر) دەڵێت : هاوەلأنى ئەبو حەنيفە كە بە ئەهلى ڕەئى ناسراوون ئينكارى ئەوە دەكەن كە گوێزەبانە سوننەت بێت ، بەم بۆچونەشيان پێچەوانەى ئەو هەموو فەرموودە ڕاست و دروستەن كە باس كراوە .

بەڵگەی ئیمام ئەبو حەنیفە وهاوەڵانی ئەو فەرموودەی پێغەمبەرە (ﷺ) كە پرسیاری لێ كرا دەربارەی گوێزەبانە بە لەفزی(العقیقة) ئەویش فەرمووی : ((**لا يحب الله العقوق**)) كأنه كره الإسم _ و قال : ((**من ولد له ولد فأحب أن ينسك عنه فلينسك ، عن الغلام شاتان مكافئتان و عن الجارية شاة**)) .

حسن . رواه مالك (٢\٢١٨٣) و أبوداود (٢٨٤٢) و النسائي (٣\٧٥_ الكبرى) ، و البيهقي (٩\٣٠٠) و الحاكم (٤\٢٣٨) و غيرهم و حسنه الإمام الألباني في الإرواء .

واتە : خوای گەورە ئەو ناوەی پێ خۆش نی یە (چونكە وەك ووتمان ووشەی(العقیقە) لە(عَقَّ)ەوە هاتووە كە بە مانای ئازار و ناڕەحەتی دێت) . ئنجا فەرمووی : ((هەر كەسێك لە ئێوە منداڵیان بوو وە وویستی حەیوانی بۆ سەربرێت ئەوا با بۆ منداڵی كوڕ دوو مەڕ كە لەیەكەوە نزیك بن وە بۆ منداڵی كچ یەك مەڕ .

بەڵام ئەم فەرموودەیە بە هیچ شێوەیەك نابێتە بەڵگە بۆیان و هیچ كاریگەری یەكی نی یە لە گۆڕینی حوكمی گوێزەبانە ، **حافظ ابن حجر** دەفەرمووێت : ((ئەم فەرموودەیە تەنها ئەوەی لێ وەردەگیرێ كە باشتر وایە لە باتی ئەوەی بوترێ (عَقیقَة) بوترێ (نَسیكَة) هەروەها (ابن ابی الدم) ڕیوایەتی كردووە لە هەندێك لە هاوەڵانەوە كە فەرموویانە باشتر وایە بوترێ (نسيكة) هەروەك چۆن باشتر وایە بوترێ (العشاء) لە جیاتی (عَتَمَة) ، هەروەها (محمد بن حسن) دەڵێت : گوێزەبانە حوكمەكەی لە شەرعدا نەماوە و نەسخ بووەتەوە بە بەڵگەی فەرموودەی (**نسخ الأضحى كل ذبح**) أخرجه الدارالقطني من حديث علي و في سنده ضعف .

واتە : قوربانی كردن هەموو سەربڕینەكانی تری لابردوو نەیهێشت. بەڵام ئەم فەرموودەیە لاوازە هەروەك حافظ ابن حجر دەفەرمووێت.)) (فتح الباري ، جزء ٩ ، لا : ٧٢٨) . هەروەها ئەبی رافیع بۆمان دەگێڕێتەوە كە : ((**لما ولدت فاطمة حسنا قالت : يارسول الله ألا أعق عن إبني بدم ؟ قال : لا ولكن احلقي رأسه و تصدقي بوزن شعره فضة ، ففعلت ، فلما ولدت حسينا فعلت مثل ذلك**)) حسن . أخرجه ابن أبي شيبه (٨\٤٨) و أحمد (٦\٣٩٠-٣٩٢) و البيهقي في الكبرى (٩\٢٩٩) و الطبراني في الكبير (٩١٧-٩١٨-٢٥٧٦-٢٥٧٧) ، و انظر الصحيحة (٣\٤٥٧) وقد حسنه الإمام الألباني رحمه الله .

واتە : ((كاتێك كە (فاطمة) خواڵێ ی ڕازی بێت حەسەنی بوو، ووتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەتوانم گوێزەبانە بۆ ئەم كوڕەم بكەم و حەیوانی بۆ سەرببڕم ؟ فەرمووی : نەخێر، بەڵام سەری بتاشە و بەقەد كێشی قژەكەی زیو بكڕە و بیدە بەهەژار ، (فاطمة) دەفەرمووێت : منیش هەر بەو جۆرەم كرد وە كاتێك كە حوسەینیشم بوو هەرهەمان شتم بۆكرد .

بەهەمان شێوە ئەم ڕووداوەش نابێتە بەڵگە بۆ ئەوانەی كە دەڵێن گوێزەبانە سوننەتە .

حافظ ابن حجر لە (فتح الباري ، جزء ٩ ، لا : ٧٣٧) دا دەفەرمووێت : ((ماموستاكەم لە شەرحی (سنن الترمذي) دا دەفەرمووێت : تەفسیری ئەم فەرموودەیە بەوە دەكرێت كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێزەبانەی بۆ حەسەن و حوسەین كردبێ وەپاشان (فاطمة)داوایئیزنیلێ كردووە بۆئەوەی خۆیشی گوێزەبانەیان بۆ بكات ، هەربۆیە نەیهێشتووە ، منیش دەڵێم :

لەوانەیە هۆی ڕێگری پێغەمبەر (ﷺ) لە(فاطمة)بۆ ئەنجامدانی گوێزەبانە بۆ كوڕەكەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە ئیمامی عەلی ئەو كاتە هەژار بووبێت ، هەربۆیە ڕێنوومای كردوون بۆ جۆرێك لە خێر و صەدەقە كە لە حەیوان سەربڕین ئاسان تر بووە ، وە پێغەمبەر (ﷺ) خۆی پاش ماوەیەك دەسەڵاتی هەبووبێت و گوێزەبانەی بۆ كردبن ، هەروەها فەرموودەیەك هەیە كە ((**كان يؤتى بالصبيان فيبرك عليهم و يحنكهم**)) رواه مسلم (٢١٤٧_ نووي) و أبوداود (٥١٠٦) و أبوعوانه (١\٢٠٢) و أحمد (٦\٢١٢) و البغوي (١١\٢٧٢) .

واتە : كاتێك كە منداڵیان لەدایك ببووایە دەیان هێنا بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ، ئەویش دۆعای خێری بۆ دەكردوو مەلاشووی شیرین دەكرد . بەهەمان شێوە ئەم فەرموودەیەش بەڵگە نی یە لەسەر ئەوەی كە گوێزەبانە سوننەتە ، لە بەرئەوەی ئەم فەرموودەیە بەڵگەی تیَ دا نی یە كە ئەو منداڵانە گوێزەبانەیان بۆ نەكراوە لەبەرئەوەی باسی نەكردووە ، وە قاعیدەیەكیش هەیە دەڵێت: ((نەبوونی زانیاری دەربارەی شتێك مانای ئەوە ناگەیەنیَ كە ئەو شتە نی یە.)) هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) واجب نی یە لەسەری گوێزەبانە بۆ ئەو منداڵانە بكات بەڵكو واجبە كەس و كاری منداڵەكە جیَ بەجیَ ی بكات ، خۆ ئاشكرایە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەری هیچ منداڵێكی نەتاشیوە ئەكریَ بڵێین سەرتاشینی منداڵ دروست نی یە .

كەواتە ڕوون بوویەوە كە ئەنجامدانی گوێزەبانە واجبە و دەبێت كەس و كاری ئەو منداڵە پیَ ی هەستن ئەگەر توانایان هەبوو ، وە پێشینەی ئەم

ئوممەتە بەردەوام هەستاون بە جیٚ بەجیٚ کردنی ئەم حوکمە شەرعیی یە و پەیوەست بوون پێوەی ئەوەتا (یحیى الأنصاري) دەفەرمووێت : ((گەشتم بە زۆرێك لە پێشین و ژیام لە ناویاندا ، هەرگیز وازیان لە ئەنجامدانی گوێزەبانە نەدەهێنا و حەیوانیان بۆ منداڵی کوڕ و کچیان سەردەبڕی)) .

ژمارەی ئەو حەیوانەی بۆ کوڕ و کچ سەردەبڕێت :

ئەوەی کە لە فەرموودەکاندا هاتووە بریتی یە لە سەربڕینی دوو ئاژەڵ بۆ کوڕ وە یەك دانە بۆ کچ .

١. عن يوسف بن ماهك أنهم دخلوا على حفصة بنت عبدالرحمن فسألوها عن العقيقة ؟ فأخبرتهم أن عائشة أخبرتها أن رسول الله (ﷺ) ((**أمرهم عن الغلام شاتان مكافئتان و عن الجارية شاة**)) . صحيح . أخرجه الترمذي (١٥١٣) و ابن ماجه (٣١٦٣) و البيهقي (٩\٣٠١) و غيرهم .

واتە : پرسیاریان کرد لە (حەفصە) خوا لیٚ ی ڕازی بێت دەربارەی گوێزەبانە ؟ ئەویش پیٚ ی ڕاگەیاندن کە عائیشە خوالێی ڕازی بێت هەواڵی داوەتیٚ کە پێغەمبەری خوا (ﷺ): ((فەرمانی پیٚ کردووین کە بۆ کوڕ دوومەڕی هاوچەشن و بۆ کچیش یەك مەڕ سەربڕن .))

٢. عن أم الكرز قالت سمعت رسول الله (ﷺ) يقول : ((**عن الغلام شاتان و عن الجارية شاة لا يضركم ذكرانا كن أم إناثا**)) صحيح . أخرجه أبوداود (٢٨٣٤_٢٨٣٥) و الترمذي (١٥١٦) و النسائي في الكبرى (٣\٧٦) و البيهقي (٩\٣٠٠_٣٠١) و غيرهم .

واتە : گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەیفەرموو : ((بۆ منداڵی كوڕ دوو مەڕی هاوچەشن وە بۆ منداڵی كچ یەك مەڕ وە ئەو ئاژەڵەی كە سەری دەبڕن نێر بێت یاخود مێ بێت ئاسای یەو هیچی تێ دا نی یە .))

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەكدا دەفەرمووێت : ((**فأهريقوا عنه دما**)) لەم ڕیوایەتەدا بە شێوەیەكی نادیار دەفەرمووێت خوێنێكیبۆبڕژن ، بەلاَم لە چەند فەرموودەیەكی تردا ئەو خوێن ڕشتنە دیاری كراوە و ڕوون كراوەتەوە ، بەنمونەش ئەو فەرموودانەی كە پێشتر باسمان كرد. هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕیوایەتێكی تردا دەفەرمووێت : ((**مع الغلام عقيقته**)) واتە : هەموو منداڵێك گوێزەبانەی خۆی لەگەڵدایە،هەردوو پێشەوا (حەسەن و قەتادە)تێ گەیشتنیان بۆ ئەم ڕیوایەتە وەهایە كە تەنها منداڵی كوڕ گوێزەبانەی بۆ دەكرێت و گوێزەبانە بۆ منداڵی كچ ناكرێت ، بەلاَم بۆچونی تێكڕای زانایان پێچەوانەی ئەو بۆچونەیانە و دەفەرموون : گوێزەبانە بۆ كچیش دەكرێت ، وە بەڵگەشیان ئەو هەموو فەرموودە ڕوون و ئاشكرایانەیە كە باسی گوێزەبانە دەكات بۆ كچ .

ئەبوهورەیرە بەمەرفوعیئەم فەرموودەیەمان بۆ دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) : ((**إن اليهود تعق عن الغلام كبشا ولا تعق عن الجارية فعقوا عن الغلام شاتان مكافئتان و عن الجارية شاة**)) رواه البزار (٢\٧٢\١٢٣٣-كشف) و البيهقي (٩\٣٠٠) من طرق عن أبي حفص سالم بن تميم عن أبيه عن عبدالرحمن الأعرج عن أبي هريرة مرفوعا .

واتە : جولەكە گوێزەبانە بۆ منداڵیان دەكەن بە سەربڕینی بەرانێك ئەگەر كوڕ بوو بەڵام گوێزەبانە بۆ كچ ناكەن ، ئەمجا فەرمووی : دەی ئێوەش(واتە موسوڵمانان) گوێزەبانە بكەن بۆ كوڕ دوو بەرانی هاوچەشن وە بۆ كچ بەرانێك . وە ئەم فەرموودانە بەڵگەن بۆ تێكڕای زانایان كە دەفەرموون دوو حەیوان بۆ كوڕ وە یەك حەیوان بۆ كچ .

دەبینین كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) زانی كە جولەكە تەنها حەوتم بۆ كوڕ دەكەن وە بۆ كچی ناكەن وەكو موخالەفەیەك بۆ جولەكە فەرمانی دا لەبری ئاژەڵێك بۆ كوڕ دوو ئاژەڵ سەربڕن وە بۆ كچ حەیوانێك چونكە جولەكە حەیوانیان بۆ كچ سەرنەدەبڕی ، ئەمەش گرنگی و بایەخی ئاینی ئیسلام دەردەخات بەرامبەر بە ئافرەتان ، كەچی كەسانی دڵ نەخۆش دەیانەوێت تانە و تەشەر لە ئاینی ئیسلام بدەن بەوەی كە مافی ئافرەتانی پێشێل كردووە بەڵام لە ڕاستی دا جولەكە و شوێن كەوتوانی جولەكە مافی ئافرەتانیان پێشێل كردووە و ئافرەتانیان كردووە بە یارییەك بە دەستی خۆیانەوە و دەیانەوێت بە نیازی پیس و گڵاویان بیان كەن بە میوەی سەرمێز و ئارەزوو شەهوەتیان بەوان پڕكەنەوە .

بەڵام ئیمامی مالیك دەفەرمووێت بۆ هەردووكیان وەكو یەك ، واتە هەریەكەیان حەیوانێك ، وە بەڵگەشی ئەو فەرموودەیەیە كە **" أن النبي عق عن الحسن والحسين كبشا كبشا"** . أخرجه أبوداود (٢٨٤١) و ابن الجارود (٩١١,٩١٢) و الطبراني في الكبير (٢٥٦٧ و ١١٨٥٦) و الطحاوي في مشكل الاثار (١٠٣٩) و غيرهم .

واته : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ حەسەن و حوسێنی کچەزای یەکی بەرانێکی بۆ سەربڕین ، وه ئەمەش نابێته بەڵگه چونکه له ڕیوایەتێکی تردا که (عکرمه) له (ابن عباس) ەوە ڕیوایەتی کردووه دەفەرمووێت " **کبشین کبشین**" واته دووبەران .

کەواته ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی له مەڕێك زیاتر بکڕێت یان دەستی نەکەوت ، ئەوا هەر دروستەو گوێزەبانەی پێ دەکرێت، بەڵام ئەگەر کەسێك خوای گەوره ماڵ و سامانی دابوویه و توانای هەبوو ئەوا دوو حەیوانەکه چاکتره و باشتره و ئەوەش سوننەته وه ئەمه بۆ چوونی زانای پایه بەرز (محمد بن صالح العثيمين) یشه ڕەحمەتی خوای لێبێت .

ئایا بۆ گوێزەبانه بێجگه له مەڕو بزن ئاژەڵی تریش دەبێت ؟

له فەرموودەکاندا تەنها ناوی مەڕ و بزن و بەران هاتووه ئەمەش مانای وایه که تەنها دوو جۆر دەبێت بۆ گوێزەبانه وه ئەوەش هەمان بۆچونی (ابن عباس و عائيشة و **ئیمامی** شافعي و احمد و اسحاق و ابي ثور، **هەروەها** ابو شيخ الاصبهانية) یه .

ئەبی مولەیکه دەفەرمووێت : (نفس لعبدالرحمن بن أبي بكر غلام فقيل لعائشة يا أم المؤمنين عقي عنه جزورا ، فقالت : معاذ الله ، و لكن ماقال رسول الله : ((**شاتان مكافئتان**)) حسن . أخرجه الطحاوي في ((المشكل)) (١\٤٥٧) و البيهقي (٩\٣٠١) و إسناده حسن كما قال الإمام الألباني في الإرواء .

واتە : عبدالرحمن كوڕی ئەبوبەكر منداڵێكیان بوو ، گوێزەبانەیان بۆ كردوو بە عائیشەیان ووتئەی دایكی ئیمانداران ووشتری بۆ كردووە بە گوێزەبانە، ئەویشفەرمووی : پەنا بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەیفەرمووە : دوو مەڕی هاوچەشن .

كۆمەڵێك لە زانایان دەفەرموون كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت : " بۆ منداڵی كوڕ دوو مەڕ وە بۆ كچ یەك دانە" واتە : بەهیچ شێوەیەك دروست نییە لە غەیری (مەڕ و بزن) بەكار بهێنرێت بۆ گوێزەبانە وە ووشترو مانگا لە بریان ناكرێت بە گوێزەبانە .

هەروەها **حافظ ابن حجر** لە (فتح -٩ /٧٤٠) دادەفەرمووێت : بە بۆچوونی من تەنها مەڕو بزن دروستە ، لەگەڵ ئەوەی زۆرێك لە زانایان دەڵێن غەیری مەڕو بزن دروستە وەكو ووشترو مانگا،بەڵگەشیانئەو فەرموودەیەیە كە (ئەنەس) بەمەرفوعی دەفەرمووێت : **(یعق عنه من الإبل والبقر والغنم)** وهو عند الطبراني و أبي الشيخ .

واتە : گوێزەبانەی بۆ دەكرێت لە ووشترو مانگاو مەڕو بزن .

بەڵام ئەم فەرموودەیە لاوازە هەروەك ئیمام ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێت لە الإرواء (٣٩٣/٤) دا .

كاتی سەربڕینی ئاژەڵەكە كەیە ؟

هەموو ئەو فەرموودانەی كە هاتووە باسی ئەوە دەكەن كە سەربڕینی حەیوانەكە دەبێت حەوتەم ڕۆژ بێت هەروەك لە فەرموودەكەی (سەمورە) هەروەها فەرموودەكەی (عمرو بن شعیب عن ابیة عن جدة) : (**امر بتسمیة المولود یوم سابعه ووضع الأذى عنه والعق**) حسن . اخرجه الترمذی (٢٨٣٢) وابن شیبه (٥٢/٨) و حسنه الإمام الالبانی رحمه الله في صحیح سنن الترمذی (٣٧١/٢)برقم (٢٦٩) وهذا لفظ الترمذی .

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی كرد بە ناونانی منداڵ لە ڕۆژی حەوتەمیدا و تاشینی سەری و گوێزەبانەكردن بۆی

كەواتە دروست نیە ئەنجامدانی گوێزەبانە لە پێش حەوتەم ڕۆژ ، یان دواخستنی چونكە ئەو كاتە كاتێكی دیاری كراوە بۆ ئەو عیبادەتە .

بەڵام ئەگەر نەیتوانی لە حەوتەم ڕۆژدا ئەوا دروستە لەهەر كاتێكی تردا ئەنجامی بدات بەبێ ئەوەی تایبەتی بكات بە ڕۆژێكەوە . وەكو چواردەهەم ڕۆژو بیست و یەكەم ڕۆژ ، چونكە ئەو فەرموودەیەی كە دەڵێت گوایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووبێتی : (تذبح لسبع ولأربع عشرة ولإحدى و عشرین) .

واتە : حەوتەم ڕۆژو و چواردەیەم ڕۆژو و بیست و یەكەم ڕۆژ دروستە سەربڕینی حەیوانەكە . ئەم فەرموودەیە لاوازە و نابێتە بەڵگە .
وهو من حديث بريدة الأسلمي اخرجه البيهقي (٩/ ٣٠٣) والطبرانى في الصغير (ص: ٢٦٧) فالحديث ضعيف الاسناد كما قال الإمام الالبانى رحمه الله في الارواء (٤/٣٩٥).

بەمەرج نەگیراوە ئەو كەسەی كە گوێزەبانەكە دەكات حەیوانەكە بەدەستی خۆی سەربڕێت :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت (يذبح) ئەم كردارە كە سەربڕینە بكەر نادیارە ، ئەمەش ئەوەی لێوەردەگیرێ كە مەرج نیە ئەو كەسەی كە حەیوانەكە سەردەبڕێت دەبێت خاوەن گوێزەبانەكە بێت بەڵكو دەگونجێ كەسێكی تری شارەزا سەری ببڕێت .

كێ دەبێت هەستێت بە ئەنجامدانی گوێزەبانە ؟

گوێزەبانە سوننەت وایە باوك پێی هەستێت ، بەڵام ئەگەر باوكی نەمابوو ئایا خزمە نزیكەكانی بۆی دەكەن یاخود دایكی ؟ لێرەدا دەڵێین ئەگەر ئەو منداڵە پێش لەدایك بوونی باوكی وەفاتی كرد ، لەو كاتەدا دایكی لێپرسراویەتی وەردەگرێت و لە جیاتی باوكی منداڵەكەی هەڵدەستێت بە ئەنجام دانی گوێزەبانە بۆی .

وەئەمە بۆچوونی شافیعی مەزهەبەكانە كە دەڵێن : گوێزەبانە حەقێكە لە ئەستۆی ئەو كەسەدایە كە هەڵدەسێت بە بەخێوكردنی منداڵەكە لە ڕووی خواردن و جل و بەرگ و جێگاوە ، هەروەها حەنبەلی مەزهەبەكان دەڵێن : گوێزەبانە حەقێكە لە ئەستۆی باوك دایە ، ئەگەر مرد یان نەیتوانی ئەوا كەسێكی تر . وە ئەو فەرموودەیەی كە باسی سەربڕینی حەیوان دەكات لەلایەن پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ حەسەن و حوسێن ، واتە ئەو هەستاوە بە كردنی گوێزەبانە كە ، ئیمامی نەوەوی لێكدانەوەی بۆ فەرموودەكە بەوەیە كە دەفەرمووێت : دەگونجێ لەو كاتەدا ئیمامی عەلی هەژار بوو بێت یاخود لەو حەقەی خۆی خۆش بوو بێت بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، یاخود (عق) بەمانای فەرمان بێت ، واتە فەرمانی كردووە ، بەسەر بڕینی دوو حەیوان بۆ هەریەكە لە حەسەن و حوسێن خوا لێیان ڕازی بێت ، یاخود ئەو كارەی پێغەمبەر (ﷺ) تایبەتی خۆیەتی هەروەك چۆن هەستاوە بەقوربانی كردن لە باتی ئەو كەسانەی كە ناتوانن قوربانی بكەن لە ئومەتەكەی . (فتح الباری ، جزء ٩ ، ص: ٧٣٧) .

هەبوونی توانای لە ئەنجامدانی گوێزەبانە (القدرة):

زانایانی شافیعی مەزهەب بە مەرجیان گرتووە ئەو كەسەی كە گوێزەبانە دەكات دەبێت توانای و دەسەلاتی هەبێت ، حەنبەلیەكان دەفەرموون : سوننەت وایە باوك هەستێت بەو كارە با هەژار و كەم دەستیش بێت ، وە قەرز دەكات ئەگەر توانای دانەوەی هەبوو ، **ئیمامی ئەحمەد** دەفەرمووێت :

(ئەگەر پارەی نەبوو هەتا گوێزە بانەبكات ، دەتوانێت قەرز بكات ، وە داواكارم لەخوای گەورە جێگەی ئەو پارەیە پڕ بكاتەوە ، لەبەر ئەوەی ئەو كەسە هەستاوە بەزیندوو كردنەوەی سوننەتێكی پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

بەڵام ئەوەی كە ڕوون و ئاشكرایە لەلای هەمووان ئەوەیە كە هەموو عیبادەتێك كە شەرع فەرمانی پێكردووە هەبوونی تواناو دەسەڵات تێیدا ڕەچاو كراوە ، چونكە ئاینی ئیسلام ئاینی ئاسانی و ئاسودەی و خۆشیە نەك قورس و ناڕەحەتی و زۆر لێكردن . كەواتە كەسێكی هەژار كە توانای نیە مەرجە گوێزەبانەكە لە كاتی خۆی دا بكات ؟ دەڵێین : ئەگەر ئەو كەسە هەژار بوو وە نەیتوانی گوێزەبانە بكات مەگەر ئەوەی كە قەرز بكات ، لەم حاڵەتەدا ئێمە پێی ناڵێین بڕۆ قەرز بكە ، وە ئەگەر نەتوانینەكەی بۆ ماوەیەكی كاتی بوو ، واتە دەیتوانی پاش ماوەیەك گوێزەبانە بكات ، وەكو ئەو فەرمانبەرەی كە مووچە وەردەگرێت : بۆ نمونە یەكێك لەو فەرمانبەرانە منداڵیان دەبێت لە ناوەڕاستی مانگدا ، بەهۆی ئەوەی كە مووچەكەی تەنها بەشی ڕۆژانەی ژیانی دەكات لەو كاتەدا پارەی ئەو تۆی پیّ نیە ، بەڵام سەری مانگ مووچە وەردەگرێت و پارەی پیّ دەبێت ، لەم حاڵەتەدا ئایا گوێزەبانەكە بەقەرز بكات یاخود چاوەڕیّ بكات تاسەری مانگ بە پارەی خۆی بیكات ؟

شێخ عثیمین ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێت : چاكتر وایە كە چاوەڕیّ بكات تا سەری مانگ ، چونكە بەو جۆرە چاكترە و حەقی كەس نایەتە ملی ، چونكە مرۆڤ نازانێت لەماوەی نێوان لەدایك بوونی منداڵی تاسەری مانگ

چی لێ بەسەر دێت ، بۆ نمونە نەخۆش دەکەوێت یان سەیارەکەی دەشکێت کە ئەمانە هەمووی پارەی دەوێت ، کەواتە باشتر وایە کە قەرز نەکات ، چاوەڕێ بکەو پەلەت نەبێ .

ئایا ڕۆژی حەوتەم لەیەکەم ڕۆژی لەدایك بوونی منداڵەوە حساب دەکرێت؟

(یوم السابع) واتەلەیەکەم ڕۆژی لەدایك بونیەوە ؟ وە ئایا یەکەم ڕۆژی لەدایك بوونی حسێب دەکرێت ؟ ، (ابن عبد البر) دەفەرمووێت : ئیمام مالیك پوختەی قسەی ئەوەیە کە ئەو حەوت ڕۆژە دەست پێ دەکات لە ڕۆژێك لەدوای لەدایك بوونی ، بەڵام ئەگەر هاتوو پێش هەڵهاتنی بەرە بەیانی ئەو ڕۆژە لە دایك بوو ئەو ڕۆژەی بۆ حسێبە ، بەهەمان شێوە (البوطي) هەمان بۆ چوونی لە ئیمامی شافعیەوە نقلْ کردووە.

دروستە پیاو یاخود ئافرەت گوێزەبانە بۆ خۆی بکات ؟

بەڵێ دروستە گوێزەبانە بۆ خۆیان بکەن مادەم بە منداڵی بۆی نەکراوە. (ئەنەس)لەپێغەمبەریخواوە (ﷺ) دەفەرمووێت: **"عق عن نفسه بعدما بعث بالنبوة"** حسن . اخرجه الطحاوی في المشكل (٤٦١/١) و الطبرانی في الأوسط (١/ ٥٢٩) . واتە : پێغەمبەر (ﷺ) گوێزەبانەی بۆ خۆی کرد لەدوای ئەوەی کە بوو بە پێغەمبەر (ﷺ).

(رافعی)دەفەرمووێت: ئەگەرمنداڵ گەیشتە تەمەنی پێگەشتن (بلوغ) وەئەو کەسەی کە گوێزەبانەی بۆ نەکردووە ئیتر ناتوانێت گوێزەبانەی بۆ بکات

بەڵام خۆی دەتوانێت گوێزەبانە بۆ خۆی بکات، (**ابن سيرين**) دەفەرموویت: ئەگەر بزانم گوێزە بانەم بۆ نەکراوە ئەوا خۆم بۆ خۆمی دەکەم ، وە (**قفال**) ئەم بۆچوونەی بەلاوە پەسەندە.

واتـای ووشەی (مكافئ) چیه ؟

عن ام كزر الكعبية قالت : سمعت رسول الله (ﷺ) يقول : **عن الغلام شاتان مكافئتان ﴿مكا فأتان﴾ وعن الجارية شاة قال** ابو داود : **سمعت احمد قال** : ﴿مكافأتان﴾ مكافئتان ، مستوتيان او متقاربتان ﴿مقاربتان﴾ .

واته : گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەیفەرموو : بۆ منداڵی تازە لەدایك بوو ئەگەر کوڕ بوو ئەوا دوومەڕی هاوچەشن وە بۆ کچ یەك مەڕ ، ئەبو داود دەفەرموویت : گوێم لەئیمامیئەحمدبوودەیفەرموویتمەبەستی بە (مکافئتان) واتە : لەیەکەوە نزیك بن ، **هاوچەشن** بن .

وە (داود بن قيس) دەفەرموویت " پرسیم لە زەیدی کوڕی ئەسلەم دەربارەی ووشەی (مکافئتان) لە فەرموودەکەدا ، ئەویش فەرمووی واتە لەیەکەوە نزیك بن .

هەروەها شێخ (**محمد** بن صالح العثيمين) ڕەحمەتی خوای لێبێتدەفەرموویت: وە پێویستەئەو دوومەڕەیکە سەردەبڕرێت هاوچەشن بن لە ڕووی تەمەن و قەبارە و وێك چوون و قەڵەوی یەوە ، وە هەتا لەیەکەوە نزیك بن چاکترە .

وە (خطابي) دەفەرموویت : واتە هاوتابن لەتەمەندا ، بەڵام لە هەموو ئەو بۆچوونانە بەهێزترو لە پێش تر ئەو بۆ چوونەیەکە (سعيد بن منصور)

ڕیوایەتی كردووە لە فەرموودەكەی (ام كرز) لە (عبداللە بن ابي زيد) كە ئەمە دەقەكەیەتی : (**شاتان مثلان**) واتە : دووو مەڕی هاوچەشن ، لە ڕوایەتێكی تردا كە (طبرانی) هێناویەتی : "قيل : ما المكافئتان ؟ قال : المثلان" .

قال رسول الله صلى الله عليه وسلم (اميطوا عنه الأذى) ناڕەحەتی لێ دووربخەنەوە :

ئەبو داود ڕیوایەت دەكات لە (سعيد بن ابي عروبة وابن عون عن محمد سيرين) كە دەفەرمووێت : ئەگەر مەبەستی بە ووشەی (الاذی) تاشینی سەری منداڵەكە نەبێت ئەوا نازانم دەبێت چی بێت ، (الاصمعی) بڕیاری داوە بەوەی كە ئەو ناڕەحەتیە بریتیە لە تاشینی سەری هەروەها (حەسەن) یش هەمان بۆچونی هەیە (كما اخرجه ابو داود بسند صحيح عنه) ، هەروەها دایكی ئیمانداران عائیشە دەفەرمووێت : "**وامر ان يماط عن رؤوسهما الاذى**" اخرجه البيهقي في الكبرى (٨/ ٣٢٢) وفي الشعب (٨٦٣٨)واحمد في المسند(٦/١٥٨ – ٢٥١) وابن حبان (٧/٣٥٦) و الحاكم في المستدرك (٤/٢٣٧) وغيرهم .

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی كرد بەوەی كە سەری منداڵی تازە لە دایك بوو بتاشرێت و ئەو ئازار ناڕەحەتیەی لێ دوور بخرێتەوە . بەڵام ئەم فەرموودەیە لاوازە و نابێت بە بەڵگە هەروەك ئیمامی ئەلبانی دەفەرمووێت بڕوانە الارواء (٤/٣٨١) ، بەڵام مەرج نیە مەبەستی بەلابردنی ئازارو ناڕەحەتی تەنها لابردنی قژی منداڵەكە بێت ئەوەتا ئیبن عەبباس

دەفەرمووێت : (**ويماط عنه الاذى ويحلق رأسه**) رواه الطبراني في الاوسط (١/٣٣٤ - ٣٣٥).

واتە: ئەو ناڕەحەتی و ئازارەی لێ دوور دەخرێتەوە و سەری بۆ دەتاشرێ بەڵام ئەم فەرموودەیەش قسەو باس لەسەر سەنەدەکەی هەیەو یەکێك لە ڕاوی فەرموودەکە کە (رواد بن الجراح)ە ضەعیفە .

بەڵام وەڵامی ڕاست و دروست ئەوەیە کە (اماطة الاذى) بەتاشینی سەری منداڵی تازە لە دایك بوو لێك بدرێتەوە ، لەبەر ئەوەی هیچ کام لەم فەرموودانەی سەرتاشین و لابردنی ئازارو ناڕەحەتی بەیەکەوە هێناوە صەحیح نین وە پێغەمبەری خواش (ﷺ) کە دەفەرمووێت: " عن الغلام شاتان وعن الجارية شاة " کە ئەمەیان تەفسیری (اهريقوا عنه دما) ، کەواتە: تاشینی سەر تەفسیری (واميطوا عنه الاذى) یە .

قال (ﷺ) (مرتهن بعقيقته) واتە ئەو منداڵە بارمتەیە هەتا گوێزەبانەکەی بۆ نەکرێ:

دەربارەی ئەم بەشە لە فەرموودەکە زانایان جیاوازیەکی زۆریان هەیە ، (خطابي) دەفەرمووێت: زانایان بۆچوونی جیاوازیان هەیە دەربارەی تێگەیشتن لەم بەشەی فەرموودەکەوە باشترین بۆچوونێك کە دەربارەی ئەم مەسەلەیە هاتبێ ، ئەو بۆچوونەی ئیمامی ئەحمەدە کە دەفەرمووێت : بارمتە واتە لەکاتی شەفاعەت کردندا ئەو منداڵە ناتوانێ شەفاعەت بۆ دایك و باوکی بکات ، هەندێك لە زانایان دەفەرموون : واتای ئەوەیە کەگوێزەبانە

پێویستە و هەردەبێت بۆی بكرێت وە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەومنداڵەی شوبهاندووە بە بارمتەیەك كە لە دەستی بارمتە گردایە و دەستی بەسەردا گرتووە ، واتە ئەو منداڵە بارمتەیە لەلای ئەو گوێزەبانەیە هەروەك چۆن بارمتەیەك لەلای بارمتە هەڵگرە و ئەمەش بەڵگەیە لەسەر واجبێتی گوێزەبانە .

تاشینی سەری منداڵی لەدایك بوو :

دەربارەی تاشینی سەری منداڵ لەدوای لەدایك بوونی لە چەند فەرموودەیەكدا فەرمانی پێكراوە:

١- فەرموودەكەی (سمرة): وفيه "... ويحلق رأسه ..."

٢- فەرموودەكەی (علي): وفيه "... يافاطمة احلقي رأسه..."

٣- فەرموودەكەی (عمرو): وفيه "... ووضع الأذى عنه"

كەواتە هەموو ئەم فەرموودانە بەڵگەیە لەسەر واجبێتی تاشینی سەری منداڵ ، چوونكە بەشێوەی فەرمان كردن هاتووە لەلایەن پێغەمبەری خواوە (ﷺ) وە دەبێت ئێمەش جێبەجێی بكەین ، وە هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان منداڵی كوڕ وكچ دا لەبەر ئەوەی فەرمانەكە گشتی یە ، وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : ((انما النساء شقائق الرجال)) صحيح. رواه الدارمي وغيره وانظر سلسلة الأحاديث الصحيحة.

واتە: ئافرەتان هاوشێوەی پیاوانن.

كاتی سەرتاشینەكە:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی دیاریكردووین كەتاشینی سەری ئەومنداڵە دەبێت حەوتەم ڕۆژی لەدایك بوونیبێتوەك لەفەرموودەكاندا هاتوو.

(قزع) حەرامە:

دەبارەی (قزع) چەند فەرموودەیەك هاتووە لەوانە:

عن إبن عمر رضي الله عنه أن النبي صلى الله عليه وسلم رأى صبيا حلق بعض رأسه و ترك بعضا فنهى عن ذلك و قال : (**احلقوا كله أو اتركوه كله**) صحيح . أخرجه أبوداود (٤١٩٥) ، و النسائي (٨\١٣٠) و ابن حبان (٥٤٨٤) و البغوي في شرح السنة (١٢\٩٩) .

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) منداڵێكی بینی كە بەشێك لە سەری تاشرابوو وە بەشەكەی تری دەستكاری نەكرا بوو ئەویش نەهی لێكردن لەو كارە و فەرمووی : ((یان هەموو قژی سەری بۆ بتاشن یان دەستكاری مەكەن)).

کەواتە درووست نیە تاشینی بەشێك لە سەرو نەتاشینی بەشەکەی تری ، بەهەمان شێوە کورت کردنەوەی بەشێکی سەرو دەستکاری نەکردنی بەشەکەی تری وەك (حەفر) .

بەخشینی زیو بەقەدەر کێشی قژی لەدوای تاشینی:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد بە (فاطمة)ی کچی کە بەقەد وەزنی قژی حەسەن زیو بکرێت و بیکات بە خێر. کە دەفەرموێت: ((**یا فاطمة احلقي رأسه و تصدقي بزنة شعره فضة ، قال : فوزناه فكان درهما أو بعض درهم**)) . حسن . أخرجه الترمذي (١٥١٩) و أحمد (٦\٣٩٠) و الطبراني في الكبير (٣\٣٠) و غيرهم .

واتە: ئەی فاطمة سەری منداڵەکەت بتاشەو بەقەد کیشی قژەکەی زیو بکرەو بیکە بەخێر ، پاشان فاطمة فەرمووی : منیش قژە تاشراوەکەیم کێشا وابزانم کە بەقەد درهەمێك بوو یان چەند درهەمێك . لەوانەیە هەندێك بڵێن تاشینی سەری منداڵ و کێشانی و کڕینی زیو و بەخشینی تایبەتە بەیەکێکەوە کە گوێزەبانە نەکات بۆ منداڵی بەڵام ((فاطمة بەردەوام لەدوای ئەوە هەرکاتێ منداڵی ببوایە سەری دەتاشی و بەقەد وەزنی قژەکەی زیوی دەبەخشی بەهەژاران)).

أخرجه سعيد بن منصور من مرسل أبي جعفر الباقر صحيحا.

بەهیچ شێوەیەك بەخشینی ئاڵتون دروست نیە چونكە لە فەرموودەكاندا تەنها باسی زیو كراوە ، وە ئەوەش بۆچونی حافظ (ابن حجر) ە (٤/ ١٤٨)
.

وە كاتی بەخشینی زیوەكە ڕۆژی حەوتەمە چونكە لە فەرموودەكاندا باسی تاشینی سەر دەكات لە حەوتەم ڕۆژدا ، وە ئەوەش هەمان بۆچوونی ئیمامی ئەحمەدە وە لەبەر ئەوەی زیو ئێستا مامەڵەی پێ ناكرێ و سكەیەكی ڕەسمی نیە لە وڵاتدا هەر بۆیە دروستە بەقەد كێشی قژی منداڵەكە پارەی ئەمڕۆ بدەیت بە هەژار .

دروست نیە بەهیچ شێوەیەك خوێنی ئاژەڵەكە بدرێت لەسەری منداڵەكە :

عن ابي بريدة انة قال : كنا في الجاهلية إذا ولد لأحدنا غلام ذبح شاة ولطخ رأسه بدمها ، فلما جاء الله بالاسلام كنا نذبح شاة ونحلق رأسه و نلطخه بزعفران " . صحيح اخرجه أبو داود (٢٨٤٣) والطحاوى (١/٤٥٦-٤٦٠) والحاكم (٢٣٨/٤) والبيهقي في الكبرى (٩/٣٠٢-٣٠٣) .

واتە: ئێمە لەسەردەمی نەفامی و بێباوەڕی دا ئەگەر كەسێك لە ئێمە منداڵێكی كوڕی ببوایە مەڕێكی بۆسەر دەبڕی و خوێنەكەی دەسووی لەسەری منداڵەكەوە ، بەڵام كاتێك كە خوای گەورە ئیسلامی بۆ ناردین و نەفامی نەما ، هەڵدەستاین بەسەربڕینی مەڕو سەری منداڵەكەمان دەتاشی

و لەباتى ئەوەى خوێن بدەين لەسەرى منداڵەكە ، زەعفەران مان دەدا لەسەرى كە بريتيە لە بۆنێكى خۆش .

وە ئەم فەرموودەيە ئەوەى لىَ وەردەگيرىَ كە سووركردنى سەرى منداڵ بە خوێنى ئەو حەيوانەى كەسەر دەبڕێت لە كارو پيشەى سەردەمى نەفاميەو ئەو كارە بە هاتنى ئاينى ئيسلام هەڵوەشاوەتەوە و نەماوە ، وە لێدانى زەغفەران يان هەر بۆنێكى خۆش لەسەرى منداڵەكە كارێكى چاكە .

هەروەها لە ڕيوايەتێكى تردا هاتووە كە عائيشە رضي الله عنها **دەفەرموێت** : **"فامرهم النبي ان يجعلوا مكان الدم خلوقا"** صحيح . اخرجه ابن حبان (١٠٥٧) و عبدالرزاق (٧٩٦٣) و أبويعلى (٨\ح ٤٥٢١) و البزار (١٢٣٩– زوائد) و غيرهم .

واتە: پێغەمبەرى خوا (ﷺ) فەرمانى پىَ كردين كە لە جياتى خوێن بۆنى خۆشى بدەين لەسەرى منداڵى تازە لە دايك بوو . **هەروەها** (مهنا بن يحيى الشامى) دەفەرموێت : لەلاى ئەبوعەبدوڵڵا (ئەحمەدى كوڕى حەنبەل) بووم باسى فەرموودەكەى (يەزيدى كوڕى عەبدول موزنيم لە باوكييەوە) بۆ كرد كە پێغەمبەرى خوا (ﷺ) دەفەرموێت : " **يعق عن الغلام ولايمس رأسه بدم**" حسن . اخرجه ابن ماجة (٣١٦٦) والطحاوي (٤٦٠/١) انظر سلسلة الاحاديث الصحيحة(٢٤٥٢).

واتە: گوێزەبانە بۆ منداڵ دەكرێت و بە هيچ شێوەيەك خوێن نزيكى سەرى ناخرێتەوە . ئيمامى ئەحمەديش فەرمووى : چەند فەرموودەيەكى تەواوە و ڕێك و پێكە .

يەك لە دواى يەك ئە نجامدانى كارەكان (الترتيب) :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) كە دەفەرموویێت : " **یذبح و یحلق و یسمی**" واتە حەیوانەكە سەردەبڕێت و سەری منداڵ دەتاشرێت و ناویلێدەنرێت هەندێك لە زانایان پیتی (و) واویان كردووە بەبەڵگە لەسەر ئەوەی كە مەرج نیە ئەو كارانە یەك لەدوای یەك بكرێت ، بێ پێش و دوا خستن .

بەڵام لە ڕیوایەتەكەی ئەبی شەیخ لە فەرموودەكەی (سەمورە) **هاتووەكە "** **یذبح یوم سابعە ثم یحلق"** واتە: حەوتەم ڕۆژ ئەو حەیوانە سەر دەبڕرێت و پاشان سەری منداڵەكە دەتاشرێت.

و **ابن‌جریج** دەفەرموویێت : (یەكەم جار حەیوانەكە سەردەبڕێت پاشان سەری منداڵەكە دەتاشرێت) اخرجە عبد الرزاق ، وە بۆچونێكی (عطاء) ی باس كردووە كە پێچەوانەی ئەو تەرتیبەیە . (بغوي) لە "التهذیب" دا دەفەرموویێت : سوننەت وایە كەحەیوانەكە سەر ببڕێت ئنجا سەری منداڵەكە بتاشرێ ، وەئیمامینەوەویلە(شرح‌المهذب)دا ئەو بۆچوونەی هەڵبژاردووە و بەڕاستی داناوە.

چەند حوكمێكی تایبەت بە گوێزەبانە:

یەكەم: پێویستە ئەو حەیوانەی بۆ گوێزەبانەكە بەكاردێت (مەڕ بێت یان بزن یاخود بەران).

دووەم: دەبێت ئەو ئاژەڵە ساغ و بێ عەیب بێت ، وە عەیبیش جۆری هەیە لەوانە: كوێری دیارو ئاشكرا ، نەخۆشی و شەلی و لاوازی زۆر .... هتد .

سێەم : سوركردنەوە و لێنانی گۆشتەكە چاكترە و باشترە وەك لەوەی هەر بەكاڵی دابەش بكرێت بەسەر خەڵكی دا .

(**قسطلاني**) دەفەرموویت : سوننەت وایە گۆشتی حەیوانەکە ئامادەبکرێت و لێ بنرێت وەکو هەموو ئەو بۆنانەی کە چێشت وگۆشتی تیا لێدەنرێت و خەڵکی بۆ بانگ دەکرێت .(عبدالملك الميمونی) دەفەرموویت : پرسیم لە ئیمام ئەحمەد گۆشتی ئەو حەیوانە لێ دەنرێت ؟ فەرمووی : بەڵێ . هەروەها ئەوە هەمان بۆچونی (عطاء) ە .

چوارەم : دروست نیە کۆبوونەوەی دووکەس یان زیاتر لە کڕینیئاژەڵێکدا بۆ گوێزەبانە ،هەروەهادروست نیە سەربڕینی حەیوانێك وەکو گوێزەبانە بۆ دوو منداڵ یان زیاتر بەڵکو هەر منداڵە و بەشە حەیوانی خۆی بۆ سەردەبڕێت بە تەنها ، لەبەر ئەوەی بەڵگەیەکمان نیە هەتا بڵێین دروستە ،

وە هەموو عیبادەتێك لە چۆنیەتی و چەندێتی دا دەبێت بوەستین و لە خۆمانەوە هیچ نەکەین ،هەتا بەڵگەمان بە دەستەوە نەبێت لە قوڕئان و سوننەت و ووتەی پێشین .

پێنجەم: دەبێت گوێزەبانەکە سەربڕینی حەیوان بێت ، نەك نرخی حەیوانەکە بکرێت بەخێر واتە پارەدان دروست نیە ، لەبەر ئەوەی سەربڕینی حەیوانەکە لە شەرعدا مەبەستە ، وە گوێزەبانەش (سەربڕین) خۆی بۆخۆی عیبادەتە و لە قورئاندا لەگەڵ نوێژدا باس کراوە ، وەك خوای گەورە دەفەرموویت (فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ) الكوثر: (٢) ، **هەروەها** سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ)بریتیە لە سەربڕینی حەیوانەکە ، وە دروست نیە لە سوننەت و کرداری پێغەمبەر (ﷺ) لابدەین .

شەشەم: سوننەت وایە ئێسقانی ئەوحەیوانەی کە سەردەبڕێت نەشکێنرێت بەڵکو لە شوێنی جومگەکان لێك جیابکرێتەوە و گۆشتەکەی لێ دابماڵرێت . وە هەروەها ئیمام ئەحمەدیش فەتوای بەوە داوە ، بە هەمان شێوە (عطاء و جابر و عائشة رضي الله عنهم ، وە ئیمامی شافعیش ڕەحمەتی خوای لێ بێت .

حەوتەم: هیچ فەرموودەیەکی صەحیح نیە کە بڵێت پێویستە قاچی حەیوانەکە ببرێت بۆ لای مامانەکەو بدرێت بەو .

ناونانی منداڵ :

پێویستەمنداڵی تازە لە دایك بوو ناوێکی لێ بنرێت وەکو گوێڕایەڵی کردن بۆ فەرمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە لە چەندەها فەرموودەدا هاتووە ،وە سوونەت وایە لە ڕۆژی حەوتەمی لەدایك بوونی دا ناو بنرێت .

١- حديث عمرو بن شعيب عن ابيه عن جده وفيه : "امر بتسمية المولود يوم سابعه........"

٢- قوله (ﷺ) : وفيه " ... ويسمى فيه ...."

هەندێك لە زانایان دەفەرموون دروستە ناونانی منداڵ پێش ئەوەی بگاتە ڕۆژی حەوتەمی وە بەڵگەشیان :

فەرموودەكەی (ابي موسى الاشعرى) یە : وفيه "ولدلي غلام فاتيت به النبي (ﷺ) فسماه ابراهيم .... "

كەواتە دەبێت لەدوای لەدایك بوونی منداڵەكە حەوتەم ڕۆژ ناوبنرێ ئەگەر هاتوو ناویان بۆ نەدۆزیەوە ، بەلاَم ئەگەرهاتوو پێشتر ناویان بۆ دانابوو ئەوا دەتوانن هەر كە لەدایك بوو ناوی بنێن بەڵگەشمان ئەو فەرموودەیەیە كە " ان النبي دخل ذات يوم علي اهله فقال: **ولدلي الليلة ولد سميته ابراهيم"** اخرجه مسلم (٢٣١٥).

واتە: ڕۆژێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە لای یەكێك لە خێزانەكانی و فەرمووی : ئەم شەو خوای گەورە منداڵێكی پیَ بەخشیم ناوم نا ئیبراهیم .

خۆشەویست ترین ناو لەلای خوای گەورە:

عن جابر قال : "ولد لرجل منا غلام فسماه القاسم ، فقلنا لا نكنيك ابا القاسم ولا كرامة . فاخبر النبي صلى الله عليه وسلم فقال : **سم ابنك عبدالرحمن**" اخرجه البخارى (١٠/٥٧٠-٥٧١ -فتح) ومسلم (١٤/٣٦٣ - نووى) وغيرهم .

جابر رضي الله عنه دەفەرمووێت : (پیاوێك لە ئێمە (واتە لە ئەنصار) منداڵیان بوو ناوی نا قاسم ، دەفەررمووێت : ئێمەش پێمان ووت بانگت ناكەین بە باوكی قاسم ، وە ئەم هەواڵە گەیشتەوە بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش فەرمووی بە پیاوەكە : منداڵەكەت ناوبنیَ عبدالرحمن .

هەروەها پیغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت : " **ان احب الاسماء الی الله عبد الله و عبد الرحمن**" صحیح . اخرجه مسلم (١٤/ ٢١٣٢ – نووی) و ابو داود (٤٩٢٨) وغیرهم .

واتە: خۆشەویسترین ناو لە لای خوای گەورە بریتیە لە عبدالله و عبدالرحمن .

(قرطبي) دەفەرمووێت : هەموو ناوێك ئەگەر وەكو ئەو دوو ناوە وابێت ئەو فەرموودەیە دەیگرێتەوە ، بە نموونەی (عبدالرحیم ، عبدالملك و عبدالصمد) هەروەها بۆیە خۆشەویسترین ناوە بەلای خوای گەورەوە چونكە دەلالەت دەكات لە دوو پلەو ئاست كەپەیوەندی هەیە بە خوای گەورەو مرۆڤەوە كە بریتیە لە پلەی پەرستن و سیفاتی جوان بەنیسبەت خوای گەورەوە ، وە بەندایەتی و زەلیلی و ملكەچی بە نیسبەت مرۆڤەوە ، وە هەندێك لە زانایان دەفەرموون: ناوهێنانی ئەو دوو ناوە لە فەرموودەكەدا بەتەنها ، لەبەر ئەوەیە كەلە قورئاندا ووشەی(عەبد) نەدراوەتە پاڵ ناوەكانی خوای گەورە جگەلەو دوو ناوە نەبێت ، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَأَنَّهُۥ لَمَّا قَامَ عَبۡدُ ٱللَّهِ يَدۡعُوهُ كَادُواْ يَكُونُونَ عَلَيۡهِ لِبَدٗا ١٩ ﴾ الجن: ١٩

وە دەفەرمووێت:﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمۡشُونَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ هَوۡنٗا ﴾ الفرقان: ٦٣

وە هەروەها :﴿ قُلِ ٱدۡعُواْ ٱللَّهَ أَوِ ٱدۡعُواْ ٱلرَّحۡمَٰنَ ﴾الإسراء: ١١٠

دروست نیه بووترێت (باوكی قاسم) (ابو القاسم):

عن أبي هريرة يقول: قال أبو القاسم (ﷺ) : ((**سموا باسمي ولا تكتنوا بكنيتي**)). أخرجه البخاري (١٠/٥٧١–فتح) ومسلم(١٤/٣٥٩–نووي) وغيرهم

واتەدروستەناوتان وەكو ناوی من وابێت بەڵام با نازناوەكانتان وەكو نازناوی من نەبێت ، واتە دروستە منداڵ ناوبنرێت محمد بەڵام دروست نیە بەباوكی بوترێت (باوكی قاسم) .

ئیمامی نەوەوی دەفەرموێت: ((زانایان بۆچونی جیاوازیان هەیە دەربارەی نازناوی (باوكی قاسم) وە بوون بە سێ مەزهەب ، یەكەم: دروست نیە بەهیچ شێوەیەك بوترێت (باوكی قاسم) بۆ كەسێك كە ناوی محمد بێت یان غەیری محمد ، وە ئەوە بۆچونی ئیمامی شافیعی یەو هەروەها داودی ظاهیریش.

دووەم: دروستە بۆ هەمووكەس بەڵگەشیان ئەوەیە كە قەدەغەكردنی نازناوی (باوكیقاسم) تایبەت بووە بەسەردەمی پێغەمبەرەوە (ﷺ) .

سێەم : دروستە بۆ كەسێك كەناوی محمد نەبێت بەڵام بۆ محمد ناو دروست نییە.

هەندێك لە زانایان بەوپەڕی ئینكارییەوە دەفەرموون: دروست نییە هیچ كەسێك ناوی خۆی بنێت قاسم بۆ ئەوەی بەباوكی نەوترێت (باوكی قاسم).

(طبري) دەڵێت : بۆچونێكی تریش هەیە كە چوارەمە: ئەویش ئەوەیە كە دروست نییە بەهیچ شێوەیەك ناوی منداڵ بنرێت محمد و بانگیش بكرێت (باوكی قاسم) .

وە بۆچونێکی ترهەیە کە پێنجەمە: ئەویش ئەوەیە کە: قەدەغەکردنی ناونان بە محمدو نازناو بە (باوکی قاسم) تایبەت بووە بەو کاتەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەژیاندا بووە ، بەڵام لەدوای وەفاتی ئەو ئەگەر ئەو کەسە ناوی محمد بوو یان ئەحمد دروست نیە پێی بووترێ (باوکی قاسم) بەڵام ئەگەر ناوی تری هەبوو ئەوا دەروستە .

حافظ ابن حجر دەفەرمووێت : ئەو بۆچونەی ئاخر لەهەموویان پەسەندترەو چاکترە ،وەشێخ ئەبومحەممەدبن ئەبی جەمرە دەفەرمووێت : باشتر وایە مرۆڤ بۆچوونی یەکەم هەڵبژێرێت کە دەڵێ دروست نیە بوترێ (باوکی قاسم) بۆ کەسێك ناوی محمد بێت یان نا ، چونکە ئەوەیان بۆ مرۆڤ دڵنیا ترە و زیاتر ڕێزو حورمەتی تێدایە بۆ نازوناوی پێغەمبەر (ﷺ) کە بریتی یە لە (باوکی قاسم) . (فتح الباری ، جزء ١٠ ، ص : ٧٠٣- ٧٠٤) .

ناوی دڵ تەنگ و ناخۆش :

عن ابن المسب عن ابیه ان اباه جاء الی النبی صلی الله علیه وسلم فقال : ما اسمك ؟ قال : حزن ، قال : انت سهل ، قال : لا اغیر اسما سمانیه ابي، قال ابن المسیب : ما زالت الحزرونة فینا بعد " اخرجه البخاری (٦١٩٠/٩ - فتح) .

واتە: ڕۆژێك باپیرەی (سعید بن المسیب) چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاری لێ کرد ناوت چیە ؟ ئەویش ووتی : ناوم (حزن)ە واتە خەماوی یان خەم ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: تۆ ناوت دڵشادە، باپیریشی ووتی من ناوێك ناگۆڕم کە باوکم ئەوناوەی ناوم ،ئیبن موسەییەب دەفەرمووێت:

باپیرم ئەوناوەی پێغەمبەری(ﷺ) هەڵنەبژاردوو نەیویست هەر بۆیە هەتا لە ناوماندا ما بوو هەمیشە دڵ تەنگ و خەماوی بوو ، چونكە ناوەكەی خەفەتاوی ناخۆش بوو .

گۆڕینی ناوێك بۆ ناوێكی خۆشتر :

عن أبي هريرة أن زينب كان إسمها برّة فقيل : تزكي نفسها فسمّاها رسول الله صلى الله عليه وسلم زينب . أخرجه البخاري (٩\٦١٩٢) .

ئەبوهورەیرە دەفەرمووێت : زەینەب كە (ژنی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) ناوی (برّە) بوو ، خەڵكی دەیان ووت پاكانە بۆ خۆی دەكات(واتە بە باش ناوی خۆی دەهێنێ) و لە خۆی ڕازییە ، چونكە ئەو ناوە واتای (چاكە خواز) دەگرێتەوە .

(طبري) دەفەرمووێت : دروست نییە ناو نان بە ناوێك كە ماناكەی ناخۆش بێت یان خراپ ، هەروەها ناوێك كە پاكانەی تێدا بێت هەروەها ناوێك واتاكەی جوێن دان بێت .

ئەبوداود دەفەرمووێت : پێغەمبەری خوا(ﷺ) زۆرێك لەو ناوە ناخۆشانەی گۆڕیوەكە گوێی لێ بووەلەوانە(عاص) سەرپێچی كار(عتلة) نوێڵ ، (غراب) قەلە ڕەش،(شهاب) بڵێسەی ئاگر (حرب) جەنگ ، وە چەندەها ناوی تر.

ناونان بەناوی پێغەمبەرانەوە (علیهم السلام) :

عن المغيرة بن شعبة قال : لما قدمت نجران سألونى فقالوا : انكم تقرؤون (ياأخت هارون) و موسى قبل عيسى بكذا و كذا فلما قدمت من على رسول الله صلى الله عليه وسلم سئالته عن ذلك فقال : **"انهم كانوا يسمّون بانبياءهم و الصالحين قبلهم"** اخرجه مسلم (٢١٣٥/٥ – نووى) .

(موغیرە) دەفەرموویت : کاتێك کە چووم بۆ ناوچەی(نەجران) (خەڵکەکەی گاورن) لێیان پرسیم : ئێوە لە قورئانەکەتاندا ئەم ئایەتە دەخوێننەوە: ﴿ يَٰٓأُخۡتَ هَٰرُونَ ﴾ مريم: ٢٨

واتە : ئەی خوشکەکەی هارون (علیه السلام) کە مەبەستی مەریەمی دایکی عیسایە (علیه السلام) ، خۆ (موسی علیه السلام) کە براکەی ناوی هارونە (علیه السلام) لە پێش عیسادا ژیاون (علیهم السلام) بە ئەوەندەو ئەوەندە ساڵ ئیتر چۆن بە دایکی عیسا دەڵێن خوشکی هارون . ئنجا (موغیرە) فەرمووی : کاتێ گەشتمە مەدینە و چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەو پرسیارەم لێ کرد ئەویش فەرمووی : "خەڵکانی پێش ئێمە ناوی منداڵەکانیان دەنا بە ناوی پێغەمبەران و پیاو چاکانی پێش خۆیان" .

(ابن بطال) دەفەرموویت : لەم فەرموودانەوە ئەوە وەردەگیرێ کە دروستە ناونانی منداڵ بەناوی پێغەمبەرانەوە (علیهم السلام) ، وە سەعیدی کوڕی موسەییەب دەفەرموویت : **"احب الاسماء الى الله اسماء الانبياء"** واتە : خۆشەویست ترین ناو لەلای خوای گەورە ناوی پێغەمبەرانە (علیهم السلام).

كەسێك هاوەڵەكەی بانگ بكات بەناوی خۆیەوە بەلاّم یەك ووشە لە ناوەكەی كەم بكاتەوە بەو مەرجەی نەچێتە بابی ناو و ناتۆرەوە :

قال ابو حازم : "عن ابي هريرة قال قال لي النبي : يا ابا هرّ" .

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێبێت دەفەرمووێت : پێغەمبەر (ﷺ) بانگی كردم و ووتی : یا أبا هر (صحيح البخاری – كتاب الادب – باب من دعا صاحبه فنقص من اسمه حرفا) .

عن أبو سلمة بن عبد الرحمن،((أن عائشة زوج النبي قالت : قال رسول (ﷺ) : (يا عائش هذا جبريل يقرئك السلام). فقلت: وعليه السلام ورحمة الله، قالت : وهو يرى ما لا نرى) .

عائیشەی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت : جارێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی ووتم : ئەی (عائیش) ئەوە جبریلەو سەلامت لێ دەكات ، منیش ووتم : وعليه السلام ورحمة الله : ئەوەی كە تۆ دەیبینی ئێمە نایبینین . (صحيح البخاری : ٦٢٠١ ، مسلم : ٢٤٤٧) .

ناخۆشترین ناو لای خوای گەورە :

عن ابى هريرة قال: قال رسول الله (ﷺ) : **أخنى الأسماء يوم القيامة عندالله رجل تسمّى ملك الأملاك**)) اخرجه البخارى (٩/٦٢٠٥–فتح)

واتە: ناخۆشترین ناو لە لای خوای گەورە لە ڕۆژی دوایدا ناوی کەسێکە کە بریتیە لە (ملك الأملاك) واتە خاوەنی هەموو پادشاو موڵکەکان.

وەهەروەها ووشەی (أخنى) بە (أخنع)یش هاتووە (كما وقع عن المستلمي)کە بە واتای زەلیل دێت بەهەمان شێوە (الحميدى) کە مامۆستای بوخاریە دەفەرمووێت : واتە زەلیل ترین ناو لەلای خوای گەورە ئەو ناوەیە ، عیاض دەفەرمووێت ئەو ناوە بچوکترین ناو و ڕیسواترین ناوە لەلای خوای گەورە وە ووشەی "تسمى" واتە: ئەو کەسە ئەو ناوە لە خۆی بنێ یاخود پێی ڕازی بێت کە پێی ووترا .

سوفیان دەفەرمووێت : بە وێنەی (ملك الاملاك) "شاهان شاه" وە بەوە لێکی داوەتەوە ، کە واتە ئاگاداربە ئەو ناوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) بە ناشیرین ناوی بردووە و بە خراپە باسیان دەکات بە تەنها ئەو ناوە ناگرێتەوە ، بەڵکو هەموو ناوێك کە ئەو واتایەی هەبێت ئیتر بە هەر زوبانێك بێت ، وەکو (خالق الخلق) ، (احكم الحاكمين) ، (سلطان السلاطين) ، (امير الامراء) هەروەها ووتراوە بەهەمان شێوە دروست نیە بوترێ (ڕەحمان ، قدوس، جبار) وە جیاوازی هەیە دەربارەی (حاكم الحاكمين) دا وە بەهیچ شێوەیەك ئەو ناوانە دروست نیە با ئەو کەسە مەبەستی پێی تەنها شوێنێك بێت وەك (ملك الاملاك) مەبەستی وابێ کە تەنها ناوچەیەکی دیاری کراو دەڵێت .

ئەو ناوانەی دروستە مرۆڤی موسوڵمان لە منداڵ بنێت :

عن جابر بن عبد الله قال : "اراد النبي أن ينهى عن ان يسمى بيعلي و ببركة و بافلح و بيسار و بنافع و بخو ذلك ، ثم رايتة سكت بعد عندها ، فلم يقل شيئا ثم قبض رسول الله (ﷺ) ولم ينه عن ذلك ثم اراد عمر ان ينهى عن ذلك ثم تركة" (٢١٣٨- شرح صحيح مسلم للنووى) .

جابر دەفەرمووێت : "پێغەمبەری خوا (ﷺ) ویستی كە قەدەغەمان لێ بكات لەوەی كە منداڵەكانمان ناو بنێین بەم ناوانە (یعلی) بڵند ، (بركة) و (افلح) ڕزگار یان سەركەوت ، (یسار) واتە كەسێكی دەوڵەمەند ، (نافع) سودمەند ، بەڵام پاشان بینیم كە بێدەنگ بوو لە ئاستی ئەو ناوانە و هیچی نەووت هەتا وەفاتی كرد ، پاشان (عومەر) خوا لێی ڕازی بێت وویستی كە قەدەغەی بكات ناونان بەو ناوانە ، بەڵام ئەویش وازی لەو كارە هێناو جێ بەجێی نەكرد .

كەواتە پێویستە موسڵمان ناوێكی خۆش لە منداڵی خۆی بنێ نەك ناوێ بێت كە بەهۆیەوە خەڵكی گاڵتەی پێ بكات و ناڕەحەتی بكات، لەبەر ئەوەی دەگونجێ باوك ناوێكی بەلاوە خۆش بێت بەڵام لە داهاتوودا ئەو منداڵە بەهۆیەوە توشی ناڕەحەتی بێت ، وە ئاشكرایە ئازاردانی موسڵمان حەرامە كەواتە با ناوێكی خۆش كە لە لای خوای گەورە خۆشە هەڵبژێرێت بۆ منداڵی هەروەها دروست نیە ناونان بە ناوێك كە بەندایەتی لە خۆبگرێت بۆ غەیری خوا وەك (عبد الرسول ، عبد الحسين ، عبد العلي ، عبد الكعبة) ، وە ئیبن

حەزم كۆڕای زانایانی نقلّ كردووە لەسەر حەرامی ئەو جۆرە ناوانە تەنها (عبدالمطلب) نەبێت لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت : " انا النبي لاكذب انا ابن عبدالمطلب" .

بەلاّم ئەم فەرموودەیە بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی كە ئەو ناوە دروستە ، لەبەر ئەوەی فەرموودەكە تەنها باسی ڕووداو و هەواڵە نەك ئەمر و نەهی ، پێغەمبەر (ﷺ) باسی باپیری دەكات ، واتە باسی ناوێك دەكات كە ڕۆیشتووە و خاوەنەكەی نەماوەو مردووە ،كەواتە بەهیچ شێوەیەك دروست نیە كەس ناوی منداڵی بنێت (عبد المطلب) ، بەڵكو ئەوەی پێویستە مرۆڤ ناوی ئاسان و سادەو خۆش كە خەڵكی بەرگوێی كەوتووە و واتای زانراوە هەڵبژێرێ بەو مەرجەی كە لە شەرعدا قەدەغە نەكرابێ وەكو ئەو ناوە نامۆیانەی ئەمڕۆ كە زۆر بەیان ناوی خەڵكی بێباوەڕن چونكە حەرامە و خۆشوبهاندنە بەوان .

ناوی فریشتەكان :

زانایان هەندێكیان دەفەرموون ناونان بەناوی فریشتەكانەوە حەرامە هەندێكی تر دەفەرموون : باش نیە ،ئەوانی تر دەفەرموون : دروستە بەلاّم چاكتر وایە مرۆڤ خۆی لەو ناوانە بپارێزێت وەكو : جبرائیل ، اسرافیل میكائیل ، بەلاّم ئەو ناوانەی كە لەقورئاندا هاتووە ئەگەر شەرعەن قەدەغە نەكرابوو دروستە وە ئەمە بۆچوونی (شێخ محمد بن صالح العثيمين)ە ڕەحمەتی خوای لێبێت .

هەندێك فەرموودەی (ضعيف و موضوع) كە دەربارەی ناونان هاتووە :

١. ((أحب الأسماء الى الله ما عبد وحمد)) لاأصل له – سلسلة الأحاديث الضعيفة. (٤١١)

٢. ((أحب الأسماء الى الله ما يعبَّد به)) موضوع– الضعيفة (٤٠٨)

٣. ((حق الولد على الوالد أن يحسن اسمه ويحسن أدبه)) موضوع– الضعيفة (١٩٩)

٤. ((من ولد له ثلاثة فلم يسم أحدهم محمدا فقد جهل) موضوع– الضعيفة (٤٣٧)

٥. من ولد له مولود فسمَّاه محمدا تبرُّكا به كان هو ومولوده في الجنة)) موضوع– الضعيفة (١٧١)

٦. ((يناد مناد يوم القيامة أن من كان اسمه محمد فليقم فليدخل الجنة اكراما لمحمد) لا أصل له كما قال شيخ محمد عيد العباسي .

خەتەنەكردن :

خەتەنەكردن لە صەحيحی سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتووەو باس كراوە ، ئەبو هورەيرە خوالێی ڕازی بێت بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) كە دەفەرمووێت : " الفطرة خمس: الختان والاستحداد وقص الشارب وتقليم الأظافر ونتف الإبط " أخرجه البخاري (٦٢٩٧–فتح) ومسلم (٣/٢٥٧–نووي) ومالك في الموطأ (١٩٢٧) وأبو داود (٤١٩٨) وغيرهم .

واتە: پێنج ئاكارو خوڕەوشتی ئيسلام هەيە كە هەر كەسێك جێبەجێی بكات ئەوا هەستاوە بە زيندووكردنەوەی شيعاری ئيسلام و بەرز ڕاگرتنی ، ئەو

پێنج ئاكارەش ئەمانەن : خەتەنەكردن ، لابردنی مووی دەوری عەورەتی پاش و پێش ، كورت كردنەوەی سمێڵ ، كورت كردنەوەی نینۆك ، لابردنی مووی بن باڵ .

ئافرەتیش هەمان حوكمی هەیە :

دەربارەیخەتەنەكردنیئافرەتیشچەندفەرموودەیەك هاتووە:

١- قوله (ﷺ) لأم عطية (الخاتنه) : ((**احفضي ولاتنهكي فانه انظر للوجهه وأحظى للزوج**)) صحيح. أخرجه أبو داود (٥٢٧١) ، و الحاكم (٥٢٥/٣) ، وابن عدي في الكامل (١٠٨٣/٣) و الخطيب في تاريخه (٢٩١/١٢) .

واتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (ام عطية)ی فەرموو : بە نزمی لەوپارچە گۆشتە ببڕەو هەمووی لێ مەكەرەوە ،چونكە مانەوەی بەشێكی ، وادەكات ئافرەت ڕوو بدات بە مێردی و ڕوخساری جوانبێت ، وە ئەوەش بۆ مێردی چاكترە ، وە (ام عطية) رضى الله عنها خەتەنەی منداڵانی دەكرد .

٢- قوله (ﷺ) : ((اذا التقى الختانان فقد وجب الغسل)) صحيح. أخرجه الترمذي (١٠٨-١٠٩) وابن ماجه (٦٠٨) وأحمد (١٦١/٦) وغيرهم .

واتە : هەر كاتێك هەردوو شوێنی خەتەنەكراو لە ژن و مێردا گەیشت بەیەك ئەوا پێویستە هەردووكیان خۆیان بشۆن .

كەواتە لەم دوو فەرموودەیەدا باسی شوێنی خەتەنەكراوی ژن و پیاو دەكات كە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ئافرەتانیش خەتەنە كراون .

وە ئیمام ئەحمد دەفەرمووێت:"ئەم فەرموودانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئافرەتانیش خەتەنەکراون" . چاك بزانە کە خەتەنەکردنی ئافرەتان هەر لە سەردەمی پێشینەوە هەبووە ، وە ئەوان ئەو کارەیان واز لێ نەهێناوە .

بۆ زیاتر دڵنیابوون بگەڕێنەوە بۆ (سلسلة الاحاديث الصحيحة) کەبەڕاستی ئیمام ئەلبانی لەو بارەیەوە چەندەها فەرموودەو ئەسەری هێناوە (٣٥٣/٢) کە قسە بۆ کەس ناهێڵێتەوە .

حوکمی خەتەنەکردن :

بۆچوونی تەواو بریتی یە لەوەی کە خەتەنەکردن واجبە ، بەڵگەش لەسەری فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) و فەتوای زانایانە .

پێغەمبەر (ﷺ) بە (باپیرەی عثيم بن كليب) ی فەرموو کاتێ کە هات بۆ لای و موسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند : **"الق عنك شعر الكفر واختتن"** حسن. أخرجه أبو داود (٣٥٦) و عنه البيهقي (١٧٢/١) وأحمد (٤١٥/٣) يقول الامام الألباني رحمه الله هذا الحديث حسن كما بينه في الارواء (٧٩) وصحيح ابي داود رقم (١٣٨٣) .

پێیفەرموو : "ئەو قژەی سەرت بتاشە ئەوە قژی سەردەمی بێ باوەڕییە وە خۆشت خەتەنەبکە" کەواتە فەرمانی پێکرد کە خەتەنە بکات وە ئەو فەرمانەش بۆ واجبێتیە .

ئیمام ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێبێت لە (تمام المنة ص: ٦٩) . دەفەرموێت : (دەربارەی حوکمی خەتەنەکردن ، بۆ چوونی ڕاست لە لای ئێمە ئەوەیە کە واجبە ، وە ئەوەش بۆچوونی زۆربەی زانایانە وەکو (مالیك و شافعی و ئەحمد و ابن القیم) وە (ابن القیم) دەربارەی وا جبێتی خەتەنە پازدە شێوەی باس کردووە ، بەلاّم ئێمە تەنها دوو دانەی لیّ باس دەکەین :

یەکەم :خوای گەورە دەفەرمووێت :﴿ ثُمَّ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ أَنِ ٱتَّبِعۡ مِلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗا ﴾النحل: ١٢٣

واتە: شوێن ئاین و پەیڕەوی ئیبراهیم بکەون (علیه السلام) وە ئاشکرایە کەخەتەنە کردن یەکێکە لە شیعارەکانی ئاینی پێغەمبەر ئیبراهیم (علیه السلام) هەروەك ابوهريرة بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) : " **اختتن ابراهيم بعدما اتت عليه ثمانوون سنة**" اخرجه البخاری (٦٢٩٨ – فتح) و مسلم (٢٣٧٠) والبيهقي (٨/ ٣٢٥) و احمد (٢/٣٢٢– ٤١٨) واللفظ له .

واتە: پێغەمبەر ئیبراهیم سەلامی خوای لێبێت خۆی خەتەنە کرد لە دوای ئەوەی کە تەمەنی گەیشتبووە هەشتا ساڵی .

دووەم :خەتەنە کردن یەکێکە لە دیارترین شیعارەکانی ئاینی ئیسلام کە بە هۆیەوە موسوڵمانان لە گاور جیا دەبێتەوە .

هەروەها حوکمەکەی گشتیە بۆ پیاوان و ئافرەتان ، بەلاّم دەگونجیّ هەندێك ئافرەت هەبێت کە ئەو پارچە گۆشتەیان نەبێت ، کەواتە لەو حاڵەتەدا ئەو فەرمانە ئەوان ناگرێتەوە .

كاتى خەتەنەكردن :

پێشتر باسمان كرد كە حوكمى خەتەنەكردن واجبە ، كەواتە هەر شتێك فەرمانى پێ كرابوو پێویستە زۆر زوو جێبەجێ بكرێت ، لەگەڵ ئەوەى كە چەند فەرموودەیەك لە بارەى كاتى خەتەنە كردنەوە هاتووەو دیارى كردووە بەوەى كە لە ڕۆژى حەوتەمدا بێت ، بەڵام هیچ كام لەو فەرموودانە بێ قسەو باس نیەو سەنەدى فەرموودەكان قسەى زۆر لەسەرە ئەمەش سێ فەرموودەكەیە :

یەكەم : عن جابر بن عبد الله ان رسول الله (ﷺ) : "عق عن الحسن و الحسين ﴿وختنهما لسبعة ايام﴾ " . رواه ابن عدى في الكامل (٣\١٠٧٥) و الطبراني في الصغير (٢/١٢٢) و البيهقي في الكبرى (٨/٣٢٤) وفي الشعب (٦/٣٩٤) .

واتە پێغەمبەرى خوا (ﷺ) گوێزەبانەى بۆ حەسەن و حوسێن كرد و خەتەنەى كردن لە حەوتەم ڕۆژى لە دایك بوونیاندا .

دووەم : عن ابن عباس قال "سبعة من السنة في الصبي يوم السابع ... ويختن ... "

واتە: حەوت شت سوننەتە جێبەجێ كردنى لە حەوتەم ڕۆژدا بۆ منداڵ یەكێكیان خەتەنە كردنە ...)

سێیەم : عن ابي جعفر قال : " كانت فاطمة تعق عن ولدها يوم السابع و تختنه و تحلق شعر راسه و تصدق بوزنه ورقا" اخرجه ابن ابي شيبة في المصنف (٨/ ٥٣) .

واته : فاطمة خوای لێی ڕازی بێت گوێزەبانەی بۆ منداڵی دەكرد لە حەوتەم ڕۆژی دا و خەتەنەشی دەكرد و سەری دەتاشی و بەقەد وەزنی قژەكەی زیوی دەكرد بەخێر" .

كەواتە گومانی تێدا نیە زوو ئەنجامدانی خەتەنە بۆ منداڵ زۆر باشترە لەبەر ئەوەی ئازاری كەمترە ، بە پێچەوانەی درەنگ خستنی چونكە ئەو كاتە ئازارەكەی زۆرترەو ناخۆشە ، پێغەمبەری خواش (ﷺ) ئەگەر هەڵبژاردن لە دەستی دا بووایە بۆ جێبەجێ كردنی كارێك ، كامەیان ئاسانتر بووایە ئەوەیانی هەڵدەبژارد مادەم تاوانی تێدا نەبووایە . خەتەنە كردنیش دەركەوتنی عەورەتی مرۆڤی تێدایە ،كەواتە دەركەوتنی عەورەتی بەمنداڵی زۆر باشترە لەوەی دەركەوێت بە گەورەی.

بەشی چوارەم

"پەروەردەو فێر كردنی منداڵ"

بەپێویستم زانی وەکو زیادە سود گەیاندن بە خوێنەری ئازیز ئەم بەشەش بخەمە پاڵ بەشەکانی تری ئە کتێبە بەهۆی گرنگی باسەکەو پێویستی موسوڵمانان ، چونکە گومانی تێدا نیە خراپترین هۆکار بۆ خراپکردنی کۆمەڵگە بریتیە لە خراپ پەروەردە بوونی ڕۆڵەکانی ئەو کۆمەڵگەیە ، وە لەبەر ئەو هۆیە ئاینی ئیسلام بەو پەڕی چاودێریەوە دەڕوانێتە لایەنی پەروەردە و فێرکردنی منداڵ چونکە بەهۆیەوە دەتوانین کۆمەڵگەیەکی موسوڵمانی بەختەوەر پێك بهێنین . هەروەها خوای گەورە فەرمانی کردووە بەپەروەردە و فێرکردنی مندالاَن و دەفەرمووێت : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ ﴾ التحريم: ٦

خوایگەورە دەفەرمووێت :ئەی ئەوکەسانەی کە خوای گەورە مننەتی خۆی ڕشتووە بەسەرتانداو ئیمانی پیٚ بەخشیون ، ئێوەش هەستن بە جێبەجێکردنی ئەرك ومافەکانی ئەو ئیمانە بەوەی خۆتان و ماڵ و منداڵتان بپارێزن لە ئاگری دۆزەخ ، پاراستنی خودی مرۆڤ بەوە دەبێت کە خۆت بپارێزیت لە تورەی خوای گەورە ، ئەویش بە جێبەجیٚ کردنی فەرمانەکانی و خۆپاراستن لەو شتانەی کە قەدەغەی کردووە ، هەروەها تەوبەکردن لەو کارە خراپانەی کە خوای گەورە پێی ناخۆشە و بەهۆیەوەمرۆڤ بەرەو ئاگری دۆزەخ دەچێت ،هەروەها پاراستنیماڵ و منداڵ بەوە دەبێت، بە جوانی پەروەردەیان بکەینو فێری کاریجوانیان بکەینوپاڵنەریان بینبۆ گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی خوا.

كەواتە پارێزراوی مرۆڤ لەوەدایە كە هەڵبسێت بەجێبەجیٚكردنیفەرمانەكانی خوای‌گەورە لە خودی خۆی وئەو كەسانەش كە لە ژێر سەرپەرشتی ئەودان ،وە خوای گەورە ئاگادارمان دەكاتەوە بەوەی كە سووتەمەنی ئاگری دۆزەخ مرۆڤەكانە لەگەلّ بەرد .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت : "**كل مولود يولد على الفطرة فابواه يهودانه او ينصرانه او يمجسانه**" اخرجه البخارى (٤٧٧٥ – ٦٥٩٩ فتح) و مسلم (٢٦٥٨) و مالك (١/٩٩٥) و ابو داود (٤٧١٤) و الترمذى (٢١٣٨) و غيرهم .

واتە: هەموو مندالّێك كە لەدایكدەبێتلەسەر پاكێتی و ئیسلام لەدایك دەبێت بەلاّم كە ووردە ووردە گەورە بوو دایك و باوكی دەیگۆڕن و لەسەر ئەو پاكێتیە لای دەبەن ، یان دەیكەن بەگاور یاخود جولەكە یان ئاگر پەرست .

وعن معاذ بن جبل ان النبي (ﷺ) قال : " **انفق على عيالك من طولك ولا ترفع عنهم عصاك**" . رواه احمد .

واتە: ئەوەندەی توانات هەیە نەفەقەو خەرجی مالّت بكێشەو خۆش گوزەرانیان بكەو بیٚئاگامەبە لێیان وئاگاداریان بكەرەوە لەو شتە خراپانەی كە دەبێت خۆیانی لیٚ بپارێزن وەهەمیشەچاودێرییان بكەو بیان ترسێنە لە سەرپێچی كردنی خوای گەورە.

كەواتە مندالّ ئاسودەیی مرۆڤە لە ژیانی دونیادا ، خۆشی و شادی تەمەنیەتی، ژیان بەوانەوە خۆشترە ،هەربەهۆی مندالّەوە مرۆڤ تووشی ڕزق و ڕۆزی خوایی دەبێت و ڕەحمەت و بەزەی دادەبەزێت بەسەریدا ، بەلاّم هەموو ئەمانەی كە باسم كرد كاتێك ڕوو دەدات كە پەروەردەی مندالّ پەروەردەیەكی چاك بوو وە لەسەر چاكە خوازی و ڕەوشتی بەرز گەورە بوون .

خوڕەوشتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ منداڵدا :

عن عمرو بن ابي سلمة قال: كنت غلاما في حجر رسول الله و كانت يدى تطيش في الصحفة فقال لي رسول الله "**ياغلام سم الله تعالى و كل بيمينك ، و كل مما يليك**" متفق عليه (٥٣٧٦ – صحيح البخارى) ، (٢٠٢٢- صحيح المسلم).

شێخ عثيمين ڕەحمەتی خوای لێبێت لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا دەفەرمووێت : گومانی تێدا نیە كە خواردن و خواردنەوە بە دەستی ڕاست واجبە ، وە حەرامە خواردن و خواردنەوە بەدەستی چەپ ، هەركەسێ بەدەستی چەپ بخوات یان بخواتەوە ، تاوان بارەو سەرپێچی كارە ، سەرپێچی خواو پێغەمبەرەكەی كردەووە (ﷺ) ، وەخۆی شوبهاندووە بە شەیتان و دۆستانی شەیتان لەبێ باوەڕان ، كە واتە واجبە دەستی ڕاست بەكاربهێنرێت بۆنان خواردن یاخود خواردنەوەی شتی بە سوود، مەگەر ئەوەی كە نەتوانێ وەكو ئیفلیجی دەست ، (فاتقوا الله ما استطعتم) ، ئنجا دەفەرموێت : (عەمر) فەرموودەكەمان بۆ باس دەكات و دەفەرمووێت : منداڵ بووم ، ڕۆژێك لە كۆشی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دانیشتبووم دەستم بەملاو لادا دەبرد لەسەر سفرەی نان خواردنەكە ، دەستم بۆ ئەم شت دەبرد و بۆ ئەو شت ، منداڵ بووم نەمدەزانی ، لە ڕاست و چەپ و بەردەم و ناوەڕاستی سفرەكە شتم هەڵدەگرت و دەمبرد بۆ دەمم . پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : "يا غلام سم الله" واتە بڵێ بەناوی خوا لەكاتی دەست كردن بە نان خواردن "وكل بيمينك و كل مما يليك" پێغەمبەری خوا (ﷺ) سێ ئاكاری جوانی

فێری ئەم منداڵە كرد كە هەرسێكیان ئاكاری كەسێكە كە شوێن كەوتەی سوننەت بێت ، (بسم الله) ووتنی بەناوی خوا لە كاتی نان خواردن كە واجبە ووتنی ، (كل بیمینك) بە دەستی ڕاست نانەكەت بخۆ كە ئەویش هەر واجبە ، **" وكل مما یلیك"** لە بەردەمی خۆتەوە نان بخۆ ، كە ئەمەش ڕێز و ئەدەبێكە لەگەڵ ئەو كەسانەی كە لەگەڵتن لەسەر سفرەی نان خواردن ، چونكە ناشیرینەو كارێكی باش نیە لەبەردەم ئەوەی پەناتەوە شت هەڵ بگریت و شت بخۆیت ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) سیٚ ئاكاری جوانی فێری ئەم منداڵە كرد لەسەر سفرە و لەیەك كاتدا ، كە ئەمەش یەكێكە لەو كارە پڕ بەرەكەت و پیرۆزانەی پێغەمبەر (ﷺ) كە خەڵكی فێری زانست دەكات لە هەموو بۆنەیەكدا .

بەهەمان شێوە دەبێت قوتابی زانستی شەرعی وغەیری ئەوانیش ، هەركەسێك سوننەتێك دەزانێت ، دەبێت ڕوونی بكاتەوە بۆ خەڵكی لەهەر بۆنەیەكدا بێت ، با نەڵێت ئاخر من ئەهلی عیلم نیم (مەلا نیم) ،ڕاستە تۆ زانا نیت بەلاٌم خۆ هەندێك كاری جوان و چاك دەزانیت كە لە ئیسلامدا هەیە ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت : **"بلغوا عنی ولو ایة"** البخاری (٣٤٦١) .

واتە: چی دەزانیت لە قسەو گوتار و كرداری من بەخەڵكی ڕابگەیەنە ،ئەگەر ئەوەی كەدەیزانیت ئایەتێك بێت لەقورئان ، هەركاتێك لەهەرشوێنێك توانیت مەوەستەوئەوەی دەیزانیت لە سوننەت بلاٌوی بكەرەوە لەناو خەڵكیدا باخێر و پاداشت و چاكەت دەست بكەوێت ، وە خێر و چاكەی ئەوانەیش كە بەگوێت دەكەن و ئیش بەو ئامۆژگاریە چاكانەت دەكەن هەتا ڕۆژی دووای .

عن ابو قتادة " ان النيي كان يصلي وهو حامل امامة بنت ابنته زينب فاذا ركع وضعها و اذا قام حملها" صحيح البخارى (٥١٦) و صحيح مسلم (٥٤٣)

واته: پێغەمبەرى خوا (ﷺ) نوێژى دەكرد وە ئومامەى كچى زەینەبى كچى (واته كچەزاكەى) لە باوەشیدا بووكە دەچووە ركوعو سوجدە دایدەنا كە هەڵدەسایەوە دەیكردەوە باوەشى .

قال شداد بن الهاد عن ابيه : خرج علينا رسول الله (ﷺ) وهو حامل الحسن و الحسين فوضعه ثم كبر للصلاة فصلي فسجد بين ظهراني صلاته سجدة اطالها فلما قضى الصلاة قال : " **ان ابني ارتحلني فكرهت ان اعجله**" صحيح .

اخرجه احمد في منسده (٤٩٣/٣) والنسائي في المجتبي (١١٤١) و ابن حزم في المحلى (٩٠/٣) و ابن ابي عاصم في الاحادى و المثاني (٩٣٤).

واته: پێغەمبەرى خوا (ﷺ) ڕۆژێك هاتە ناو مزگەوتەوە وە حەسەن و حوسێن لە باوەشى دا بوون ، وەختى نوێژ هات و هەردووكیانى لە سەر زەوى دانا و (الله أكبر)ى چوونە ناو نوێژى خوێند و دەستى كرد بە خوێندنى نوێژەكەى وە لە ڕكاتێك لە ڕكاتەكاندا كە سوجدەى برد زۆر درەنگ سەرى بەرز كردەوە لە سوجدە ، وە پاش تەواو بوونى نوێژەكە فەرمووى : "ئەم كوڕە خۆشەویستەم چووبووە سەر پشتم ، منیش حەزم نەكرد كە پەلەى لێ بكەم بۆیە هەڵنەسامەوە هەتا خۆى دانەبەزى لە سەر پشتم" .

پەروەردە و فێركردنی منداڵ لە سەرەتای تەمەنیەوە :

ئاینی ئیسلام گرنگی یەكی زۆری داوە بە پەروەردە و فێركردنی منداڵ بە مەبەستی چەسپاندنی بیروباوەڕ لە دڵ و دەروونیاندا ، ئەمەش دەردەكەوێ هەر لە یەكەم ساتەكانی ژیانی هاوسەری ، ئەویش بە هەڵبژاردنی ئافرەتێكی چاك و بەڕەوشت وە پیاوێكی خاوەن دین و ڕەوشت ، هەروەها ڕاهێنانی منداڵ لەسەر فێربوونی ئەدەبی خەوتن ، نان خواردن ، لەسەرخۆی ، پاراستنی زوبان ، ڕێزی گەورە ،سڵاو كردن ، بەڵام بە شێوەیەكی لەسەرخۆ و ووردە ووردە ، بە پێ ی تەمەن و كاتەكان ، هەروەها سوننەتی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) فێركردنی منداڵ كاروبای ئاینەكەی هەر لە دەست نووێژ و پاك وخاوێنی ونوێژ و ڕۆژوو و پاڕاناوە و خوڕەوشتی جوان ، هەروەها ووتنی ئەو دۆعایەی كە لەسووننەتدا هاتووە لە كاتی چونە لای خێزان كە بریتیە لە ((بسم الله ، اللهم جنبنا الشیطان وجنب الشیطان ما رزقتنا)) فقال : ((**فإن رزقه الله بولد لم یضره الشیطان** .))

واتە : بەناوی خوا ، خوایەگیان شەیتان دوورخەرەوە لێمان وە ئەو منداڵەشی كە پێمان دەبەخشی بە دووری بگرە لە شەڕی شەیتان ، ئنجا فەرمووی : ئەگەر خوای گەورە منداڵیان پێ ببەخشێ ئەوا هەرگیز شەیتان ناتوانێت ئازاری پێ بگەیەنێ . هەروەها جێبەجێ كردنی گوێزەبانە و هەڵبژاردنی ناوی خۆش ودادپەروەری لە نێوان منداڵان و فێركردنی ئەو شتانەی كە سوودی هەیە بۆیان لە دونیا و دواڕۆژدا ، هەرەوەها پاڕانەوە لە

خوای گەورە و داوای دۆعای خێر بۆیان بەو جۆرەی كە لە قورئان دا هاتووە : ﴿ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَٱجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴿٧٤﴾ ﴾ الفرقان: ٧٤ و قوله تعالى عن زكريا :﴿ قَالَ رَبِّ هَبْ لِى مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ﴿٣٨﴾ ﴾ آل عمران: ٣٨

تێكەڵ بوون بە دوونیای منداڵ :

هەندێك كەس وا هەست دەكەن ئەگەر لەگەڵ منداڵەكانیان ڕووخۆش و كراوە و هاوڕێ بن ، دەبێتە هۆی ئەوەی كە لاواز وبێڕێز دەبێت لە لایان و شوێن و ئاستی باوكایەتی لەدەست دەدات ، بەڵام ئەم جۆرە بیركردنەوەیە هەڵەیە و دوورە لە ڕاستی یەوە ، چونە تێكەڵ بوون بە دونیای منداڵ و هەڵس و كەوت كردن لە گەڵیان خورەوشتێكی بەرز و جوانە و ئەو جۆرە هەڵس و كەوتە هەمان شتە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێش چەندەها سەدە بانگەوازی بۆ كردووە، بە ووتەو و كردار ئەوەتا بە منداڵەكانی بنەماڵەی (عباس) ی مامی دەفەرموو : ((**من سبق إلي فله كذا وكذا فيستبقون إليه فيقعون على ظهره و صدره فيقبلهم** .)) رواه أحمد و قال الحافظ في التهذيب (٤٢١\٨) : وهو مرسل جيد الإسناد .

واتە : هەر یەكێكتان ڕابكات بۆلای من و زووتر بگاتە لای من ئەوا منیش ئەوە و ئەوەی دەدەمێ ، ئەوانیش بەرە و ڕووی ڕایان دەكرد و دەكەوتن بەسەرپشتی وسنگی دا ، پێغەمبەریش (ﷺ) هەڵی دەگرتنەوە و ماچی دەكردن .

هەست كردنی منداڵ بە هەست و سۆزی دایك و باوكایەتی :

پێویستە دایك و باوك وا لە منداڵەكانیان بكەن كە هەست بكەن بە سۆز و میهرەبانیان ، چونكە سۆز و بەزەی یەكێكە لە ڕەوشتە بەرز و پیرۆزەكانی ئاینی ئیسلام وە یەكێكە لەو ئاكارە جوان و دیارانەی كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی ناسراوە ، هەروەك ئەنەس بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: (ما رأيت أحدا أرحم بالعيال من رسول الله صلى الله عليه وسلم ، قال : كان إبراهيم مسترضعا له في عوالي المدينة فكان ينطلق ونحن معه فيدخل البيت فيأخذه فيقبله ثم يرجع)) رواه مسلم.

واتە : كەسم نەدیوە هێندەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەڕەحم و سۆزبێت بەرامبەر بە ماڵ و منداڵی ، ئینجا فەرمووی : ئیبراهیمی كوڕی لەدەوروبەری مەدینە بوو لە ماڵێك بەخێویان دەكرد و شیریان دەدایە ، بەردەوام پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەچوو بۆ لای وە ئێمەش لە گەڵی دەچووین ، كە دەڕۆیشت بۆلای ، كاتێ كە دەچووە ناو ماڵەكەوە ئیبراهیمی دەكردە باوەش و ماچی دەكرد و پاشان دەگەڕایەوە بۆ مەدینە . هەروەها سۆزو میهرەبانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەنها بۆ ماڵ و منداڵی خۆی نەبوو بەڵكو هەموو كەسانی خاوەن باوەڕی گرتبوویەوەبە گشتی و لە ناویاندا منداڵان بە تایبەتی ، ئەنەس دەفەرمووێت : ((كان كلما مر بصبيان هش لهم و سلم عليهم .)) متفق عليه . واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەركاتێك بەلای منداڵاندا تێپەڕ ببوایە بەو پەڕی دڵخۆشی و دەم بە پێكەنینەوە سڵاوی لێ

دەکردن، هەروەها ئەبوهورەیرە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت : ((أن النبي قبل الحسن بن علي فقال الأقرع بن حابس إن لي عشرة من الولد ما قبلت منهم أحدا ، فقال رسول الله (ﷺ) : ((**من لا يرحم لايرحم** .)) متفق عليه . واتە : جارێك پێغەمبەر (ﷺ) ماچی حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلی کرد کابرایەکیش لەوێ دا بوو ناوی (ئەقرەع) بوو ووتی: منده منداڵم هەیە هەتا ئێستا کەسیانم ماچ نەکردووە ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : (هەرکەسێك بەڕەحم و سۆز و میهرەبان نەبێت خواش ڕەحمی پێ ناکات .)

خزمەت کردن و بەخێو کردنیان بە دەست و دڵێکی فراوانە :

ئوم سەلەمە پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی ئەوەی کە ئەگەر پارە و پوڵی خۆی خەرج بکات بۆ منداڵەکانی ئایا پاداشی دەست دەکەوێت ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : ((**نعم لك أجر ما أنفقت عليهم** .)) متفق عليه . واتە : بەڵێ چەندە پارەیان بۆخەرج بکەیت ئەجر و پاداشتت بۆ دەنوسرێ ، بەڵکو ئاینی ئیسلام خەرجی ماڵ و منداڵی بە باشترین و چاکترین ڕێگاکانی ماڵ خەرج کردن دادەنێت و پاداشتێکی گەورەی بۆ داناوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت : ((دينار أنفقته في سبيل الله و دينار أنفقته في رقبة و دينار تصدقت على مسكين و دينار أنفقته على أهلك ، أعظمها أجرا الذي أنفقته على أهلك .)) رواه مسلم .

واتە : دینارێك لە ڕێی خوادا و بۆ جیهاد بەخشیبێتت ، وە دینارێك بەخشیبێتت بۆ ئازادکردنی بەندەیەکی موسوڵمان لە کۆیلایەتی ، وە دینارێك کردبێتت بە خێر و دینارێك کە بۆ ماڵ و منداڵی خۆت خەرجت کردووە ، پاداشتی کامەیان لە هەموویان زیاترە ، بێ گومان ئەوەیان پاداشتی زیاترە کە بۆ ماڵ و منداڵی خۆت خەرجت کردووە .

موسوڵمان کاتێك گوێ بیستی ئەم فەرموودانە دەبێت ، پێویستە بە دەست و دڵی فراوانەوە هەستێت بە جێ بەجێ کردنی پێویستی ماڵ ومنداڵی بە تایبەت کە دەزانێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەڕەشە دەکات لەو پیاوانەی هەست بە لێپرسراوی ناکەن و گوێ نادەنێ بەوەی کە سزای سەخت و تاوانی گەورە لە ئەستۆیانە وەك دەفەرمووێت : ((**كفى بالمرء إثما أن يضيع من يقوت** .)) رواه مسلم و أبوداود و غيرهما.

واتە : بەسە بۆ مرۆڤ کە ئەوەندە تاوان باربێت بەهۆی هەست نەکردنی بە لێپرسراوی ببێتە هۆی فەوتاندنی ئەو ماڵ ومنداڵەی کە ئەم بەخێویان دەکات ، واتە ئەگەر مرۆڤ بە باشی حەقی ماڵ ومنداڵی نەدات لە ڕووی خواردن و جل و بەرگ و پێویستی تر ، تاوانبارە و بەڵکو ئەو تاوانە بەسە بۆ ئەوەی خوای گەورە سزای سەختی بدات .

جیاوازی نەکردن لە نێوان کوڕ و کچدا لە ڕووی سۆز و خۆشەویستی و پێداویستی ڕۆژانە :

هەندێك كەس لەوانەیە ناڕەحەت وبێ تاقەت بن بەهۆی ئەوەی كە خوای گەورە كچی پێ بەخشیون و تەمەننا و ئاواتی ئەوە دەخوازن كە خوای گەورە بە تەنها كوڕی پێ بەخشیبانایە ، بەلأم ئەم جۆرەكەسانە بێ ئاگان و نازانن كەخوا چ پاداشتێك وڕێزێكی‌بەخشیوە بەو دایك و باوكەی كە كچی پێ بەخشیون بەهۆی ئارامگرتنیان لەسەر پەروەردە و فێركردنیان ، ئەگەر بزانن چ پاداشتێكی زۆرچاوەڕێ یئەودایك و باوكە میهرەبانە دەكات ، ئەوا هەرگیز ئەو ئاواتەیان نەدەخواست و بەڵكو ئۆخەی ئەوەیان دەخواست كە لە شوێنی ئەو دایك و باوكانە بن كە كچیان هەیە . پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت : ((من كان له ثلاث بنات فصبر عليهن و أطعمهن و سقاهن و كساهن من جدته ، كن له حجابا من النار يوم القيامة .)) صحيح . أخرجه مسلم (١٦٣١) و أبوداود (٢٨٨٠) و النسائي في المجتبى (٦\٢٥١) و الكبرى (٤\١٠٩) و الترمذي (١٣٧٦) و غيرهم.

واتە : هەركەسێك سێ كچی هەبێت ئارام بگرێت لە سەریان ، وە خەرجیان بكێشێت لە ڕووی خواردن و جل و بەرگ ، ئەوا لە ڕۆژی دوای دا دەبنە دیوار و بەربەستێك لەنێوان ئەو دایك وباوكە وئاگری دۆزەخدا ، واتە بەهۆی ئەو سێ كچەیەوە خوای گەورە نایخاتە ئاگری دۆزەخ . وە لە ڕیوایەتێكی تردا دەفەرمووێت : ((من كان له ثلاث بنات يؤيهن و يكفهين و يرحمهن

فقد وجبت له الجنة ، فقال رجل من بعض القوم و اثنين يارسول الله (ﷺ) ؟ قال ((و اثنين .))

واتە : هەركەسێك سێ كچی هەبێت خزمەتیان بكات و شوێنی حەوانە و پێداویستی ڕۆژانەیان بۆ دابین بكات و بەسۆز و میهرەبان بێت لە گەڵیاندا ، ئەوا بە ڕاستی بەهەشت جێگەی ئەو كەسەیە ، پیاوێك لە ناو خەڵكەكەدا ووتی : ئەی ئەگەر دوو كچ بێت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟ ئەویش فەرمووی : ئەگەر دوو كچیش بێت .

هەروەها ئاینی ئیسلام كە ئاینی ژیانە و چارەسەرە بۆ هەموو ئەو كێشانەی كە ڕووبەڕووی مرۆڤەكان دەبێتەوە لە ڕۆژگاردا جەخت دەكاتەوە لەسەر نەرم ونیانی نواندن لەگەڵ ئافرەتدا ، بۆ نمونە دەگونجێ ئافرەت لە دوای شوكردنی تووشی جیابوونەوە ببێت لەگەڵ هاوسەرەكەی دا و ناچار بگەڕێتەوە بۆ ماڵی باوكی ، لەوانەشە باوكی زۆر كەم دەرامەت بێت و هەژاربێت ، لەم كاتەدا ئاینی ئیسلام هەڵدەسێت بە سارێژكردنی برینی ئەو باوكەهەژارە و پاداشتێكی زۆر گەورەی دەست دەكەوێت ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (سراقة بن جعشم)ی فەرموو : ((ألا أدلك على أعظم الصدقة أو من أعظم الصدقة ؟)) قال بلى يا رسول الله ، قال : ((إبنتك مردودة إليك ليس لها كاسب غيرك .)) رواه البخاري في الأدب المفرد .

واتە : ناتەوێت پێت بڵێم كام چاكە و خێركردنە لە هەموو چاكە وخێركردنێك گەورەترە ؟ منیش ووتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : گەورەترین چاكە و خێر ئەوەیە كە خەرجی ئەو كچەت بكێشی كە گەڕاوەتەوە بۆلات و لە مێردەكەی جیابووەتەوە و كەس نیە یارمەتی بدات تۆ نەبێ .

چاو كراوەی و شارەزای بەو شتانەی كە دەبێتە هۆی بنیات نان و ئاڕاستە كردنی منداڵ :

دایك و باوكی موسوڵمانی شارەزا ،چاوكراوەیە و دەزانێت كە منداڵەكانی چیدەخوێننەوە وچیدەنوسنو هەروەها شارەزان دەربارەیئارەزووەكانیان و هەروەها دەزانن كە منداڵەكانیان هاوڕێیەتی كێ دەكەن و ڕوودەكەنە چ شوێنێك لە كاتی دەست بەتاڵی دا ، كەواتە پێویستە دایك و باوك هەموو ئەم شتانە بزانن دەربارەی منداڵەكانیان بە شێوەیەك كە منداڵەكان هەست نەكەن هەربۆیە ئەگەر هاتوو هەستیان كرد كە تووشی لادان بوون و شتی خراپ دەخوێننەوە و ئارەزووی خراپیان هەیە یاخود هاوڕێ ی خراپیان هەیە وە تووشی ئاكار و پیشەی ناشرین و ئەو جۆرە یاریانەن كە باش نین وە یان حەرامن ، وە زۆربەی كاتەكانیان بە فیڕۆ دەدات ، ئەوا لەو حاڵەتەدا بەو پەڕی نەرم و نیانی و حیكمەت و لێ زانینەوە دەیان گێڕنەوە بۆسەر ڕێگای ڕاست و لەو پێناوەشدا باشترین شێواز بەكاردەهێنن .

جیاوازی نەكردن لە نێوان منداڵەكانی دا :

یەكێك لەو شێوازە چاكانەی كە بەهۆیەوە منداڵ فێری خوڕەوشتی جوان و ئاكاری باش دەبێت ئەوەیە كە باوك و دایك جیاوازی نەكەن لە نێوانیادا ، وە هیچ كامیان پێش نەخەن بەسەر ئەوانی تردا ، ئەگەر ئەو منداڵە لەسەر ئەو جۆرە شێوازە گەورەبێت وە دووربێت لە هەست كردن بەكەم تەرخەمی لە بەرامبەری ، ئەوا هەرگیز تووشی ڕق لێ بوونەوە لە خوشك و براكانی تری

نابێت ، (نوعمانی کوڕی بەشیر) بۆمان دەگێڕێتەوە کە باوکی چوو بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) وە پێی ووت : ((انی نحلت إبني هذا غلاما كان لي فقال رسول الله (ﷺ) : ((أكل ولدك نحلته مثل هذا ؟ فقال : لا فقال رسول الله (ﷺ) : ((فارجعه)) و في رواية فقال رسول الله (ﷺ) : ((أفعلت هذا بولدك كلهم ؟)) قال : لا ، قال : ((اتقوا الله واعدلوا في أولادكم)) فرجع أبي فرد تلك الصدقة ، و في رواية : فقال رسول الله (ﷺ) : ((يا بشر ألك ولد سوى هذا ؟)) قال : نعم ، قال : ((أكلهم وهبت له مثل هذا ؟)) قال : لا ، قال : ((فلا تشهدني إذا ، فإني لا أشهد على جور)) ثم قال : ((أيسرك أن يكونو لك في البر سواء ؟)) قال : بلى ، قال : ((فلا إذا)) رواه الشيخان .

واتە : ئەم کوڕەم بەندەیەکم پێ بەخشیوە ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : ((هەموو منداڵەکانت بەهەمانشێوەی ئەم کوڕەت بەندەت پێ بەخشیون)) ئەویش ووتی : نەخێر . پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرمووی : ((دە مادەم وایە بیگێڕەوە بۆ خۆت و مەیدەرێ)) لەڕیوایەتێکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((ئایا منداڵەکانی تریشت هەمان شتت داوە پێیان ؟)) باوکیشم ووتی: نەخێر ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی :((لە خوا بترسن و دادپەروەربن لەنێوان منداڵەکانتان)) پاشان باوکم گەڕایەوە و ئەو خێرەی کە دایبومێ لێ ی وەرگرتمەوە ، لە ڕیوایەتێکی تردا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((ئەی بیشر ئایا منداڵی ترت هەیە بێجگە لەم ؟)) ووتم : بەڵێ

، فەرمووی : ((بە هەموویان هەمان شت پێ بەخشیون ؟)) ووتم : نەخێر ، ئنجا فەرمووی : ((دە کەواتە من مەکە بە شایەت بەسەر ئەم کارەتەوە چەونکە من شایەتی بۆ زوڵم و ستەم نایەم)) پاشان فەرمووی : ((حەزدەکەیت هەموویان وەکو یەك وابن بۆت لە چاکە و خێردا)) ووتم : بەڵێ ، فەرمووی : ((کەواتە نەخێر مەیدەرێ .))

وورياكردنەوەی منداڵ لەو شتانەی کە حەرامە ئەنجام دانی :

١- ئاگاداركردنەوەی منداڵ لە کوفر کردن و جوێن دان و لەعنەت کردن و قسەی ناخۆش ، وە بۆیان ڕوون بکرێتەوە کە کوفرکردن حەرامە و بێ باوەڕی دەبێتە هۆی زەرەرە و مەندی و چوونە ناو ئاگری دۆزەخ ، هەروەها پاراستنی زوبان لە بەردەمیاندا هەتا ببینە پێشەنگێکی باش بۆیان .

٢- وورياكردنەوەيان لە هاوەڵ پەيداكردن بۆ خوای گەورە بە هەموو جۆرەکانیەوە ، لەوانە پاڕانەوە لە غەیری خوا ، ئیتر ئەوەی کە لێی دەپاڕێیتەوە مردوو بێت یان زیندوو بۆ جێبەجێکردنی کارێك هەروەها سوێند خواردن بە غەیری خوا ، (چونکە ئەو کەسانەش وەکو هەموو خەڵکی هیچیان دەسەڵات نیە و ناتوانن زەرەر بگەیەنن یاخود قزانج) .

٣- وورياكردنەوەی منداڵ لەجۆرەکانیقومار وەك(یانصیب) و (طاولە) و چەندەها جۆری تر ، جا ئەگەر بۆ کات بەسەر بردنیش بێت، چونکە ئەو جۆرە بە ناو یاریانە سەردەکێشێت بۆ قومار ، هەروەها دەبێتە هۆی

دروست بوونی ڕق و کینه و له دەست دانی پاره و پول و بەفیڕۆدانی کات و فەوتاندنی نوێژەکان .

٤- ڕێگرتن له منداڵان له خوێندنەوەی ئەو گۆڤاره خراپانەی که بابەتی خراپ و وێنەی ئافرەتی تێدایه ، یاخود چیرۆکی پۆلیسی و جنسی تێدایه .

هەروەها ڕێگرتن لێیان له چوون بۆ سینەما و سەیرکردنی ئەو شتانەی که زەرەری هەیه وه له تەلەفزیۆنەکانەوه نیشان دەدرێت ، چونکه ئەمانه هەمووی دەبێته هۆی خراپ کردن و تێك دانی خوڕەوشتی منداڵان و داهاتوویان .

٥- وریاکردنەوەی منداڵان له ترسناکی جگەره کێشان و بۆیان ڕوون بکرێتەوه که هەموو پزیشکەکانی دونیا ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی که جگەره کاریگەری خراپی هەیه لەسەر لاشه و بەهۆیەوه مرۆڤ تووشی نەخۆشی (سرطان) دەبێت و هەروەها دەبێته هۆی زەرد بوونی ددانەکان و بۆنی ناودەم ناخۆش دەکات و سنگی مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەکات و هیچ سودێکی نی یه ، هەربۆیه حەرامه جگەرەکێشان بەهەمان شێوه فرۆشتنی ، وه پێویسته ئامۆژگاری منداڵان بکرێت به خواردنی ئەو شتانەی که سوودی هەیه بۆیان وەکو میوه .

٦- ڕاهێنانی منداڵ لەسەر ڕاست گۆی به ووته و کردار ، وه وریاکردنەوەیان له ترسناکی درۆکردن و خراپی سەرئەنجامەکەی ، ئەبێت درۆیان لەگەڵدا نەکەین تەنانەت به گاڵتەش ، هەروەها کاتێك که پەیمانێکمان پێ دان جێ بەجێ ی بکەین .

٧- دووركەوتنەوەلەماڵیحەراموبەكارنەهێنانیلە بەخێوكردنی ماڵ و منداڵدا وەكو بەرتیل و سو (ریبا) و دزی و غەش و خیانەت و ... هتد ، چونكە ماڵی حەرام هۆیەكی سەرەكییە كە منداڵ بە هۆیەوە یاخی دەبێت و كەسێكی بێ گوێ و خراپی لێ دەردەچێت .

پێویستە منداڵەكانمان فێری نوێژ بكەین :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ((مروا أولادكم بالصلاة وهم أبناء سبع واضربوهم عليها وهم أبناء عشر و فرقوا بينهم في المضاجع .)) صحيح . أخرجه أبوداود (٤٩٤) و ابن خزيمه (١٠٢\٢) و الحاكم (٢٠١\١) و غيرهم .

واتە : فەرمان بكەن بە منداڵەكانتان بەوەی كە هەستن بە فێر بوون و ئەنجام دانی پێنج فەرزەی نوێژ ، كاتێك كە تەمەنیان گەیشتە حەوت ساڵی ، ئەگەر باش بەدەم فەرمانەكەوە نەهاتن وە سست بوون لە جێ بەجێ كردنی نوێژەكان ، بەقسەی خۆش و نەرم و نیانی لە گەڵیاندا هەوڵ بدەن هەتا نوێژەكان لە كاتی خۆی دا بكەن ، ئەگەر تەمەنیان گەیشتە دە ساڵی و هەروا مابوونەوە ، ئنجا شێوازێكی تر بەكابهێنن ئەویش لێدانە بەڵام لێدانێك كە زەرەر نەدات لە لاشەی و كاریگەری خراپی نەبێت لەسەر جەستەی وە لە كاتی لێدانەكەدا سەر و دەم و چاوی بپارێزیت و لەو شوێنەی نەدەیت ، هەروەها جێگای خەوی كوڕ و كچ جیابكەرەوە ، با ئیتر كوڕان لە لایەك بخەون و كچان لە لایەكی تر .

كەواتە بۆ فێركردنی نوێژ دەبێت ئەم خاڵانەبگریتە بەر :

١- دەست نوێژ گرتن و نوێژ كردن لەبەر چاوی دا و بردنی بۆ مزگەوت و هاندانیان بۆ خوێندنەوەی ئەو نامیلكانەی كە باسی چۆنیەتی نوێژكردن دەكات .

٢- فێری قورئان خوێندنەوەی بكە و سەرەتا لە سورەتە كورتەكانەوە دەست پێ بكە ، وەكو فاتیحە و سورەتەكانی كۆتای جوزئی (عمّ) .

٣- هاندانی منداڵان بۆ ئامەدەبوون لە نوێژی جومعە و جەماعەتدا لە مزگەوتەكان وە فێربكرێن كە لە دوای گەورەكانەوە سەف دروست بكەن بۆ نوێژ ، هەروەها نەرم و نیانی لە كاتی ئامۆژگاری كردنیاندا ئەگەر هەڵەیان كرد، وە نابێت تورە ببین لێیان و بە دەنگی بەرز هاوار نەكەین بەسەریاندا ، هەروەكو ئەمڕۆ دەبینین لە مزگەوتەكاندا ، چونكە لەوانەیە بەهۆی ئەو تورەبونەوە جارێكی تر ئەو منداڵە نەوێرێت بێت بۆ مزگەوت تۆش بەو كارەت گوناهباری.

٤- هەروەها فێری حوكمەكانی نوێژ بكرێن وەكو : مەرجەكانی نوێژ و واجباتەكانی و ئەو شتانەی نوێژی پێ بەتاڵ دەبێتەوە و فێری چۆنیەتی نوێژەكان و زیكرەكانی ناو نوێژ و ...هتد

٥- لەگەڵ ئەمانەشدا ڕابهێنرێت لەسەر بەڕۆژ و بوون كە تەمەنی گەیشتە حەوت ساڵ بۆ ئەوەی كە پێگەیشت بەلایەوە ئاسان بێت .

جل و بەرگی منداڵان وخۆدا پۆشینی كچان :

هاندانی كچ بۆ خۆداپۆشین و شەرم و حەیا هەر لە منداڵی یەوە بۆ ئەوەی كە گەورە بوو پەیوەست بێت پێوەی ، كەواتە نابێت جلی كورت و پانتۆڵ و كراس لەبەربكات چونكە ئەوە خۆشوبهاندنە بە پیاوان و بە خەڵكانی بێ باوەڕ ، هەروەها ڕابهێنرێن لەسەر داپۆشینی سەر ئەگەر بە پارچە قوماشێكی تەنكیش بێت كاتێ تەمەنی گەیشتە حەوت ساڵ هەروەها ئامۆژگاری كردنی منداڵان بەوەی هەر ڕەگەزە و پەیوەست بێت بەجلی تایبەتی خۆیەوە بۆ ئەوەی جیابێت لە ڕگەزەكەی بەرامبەری وە دووربن لە پۆشاكی خەڵكی بێگانە بە ئیسلام وەكو پانتۆڵی تەسك و چەندەها عادەتی خراپی بێ باوەڕان . پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێت : ((لعن الله المتشبهين من الرجال بالنساء ، و المتشبهات من النساء بالرجال)) و ((لعن الله المخنثين من الرجال و المترجلات من النساء .)) رواه البخاري .

واتە : لە عنەتی خوا (لە عنەت واتە دووربوون لە ڕەحمەتی خوا) لەو پیاوانە بێت كە خۆیان دەشوبهێنن بە ژنان وە لەعنەتی خوا لەو ژنانە بێت خۆیان دەشوبهێنن بە پیاوان ، وە لەعنەتی خوا لە پیاوی ژنانی وە لەعنەتی خوا لەو ئافرەتانەی پۆشاكی پیاوان لەبەردەكەن .

پەروەكردن و فێركردنی خوڕەوشتی جوان :

١- ڕاهێنانی منداڵ لەسەر بەكارهێنانی دەستی ڕاست لە شت وەرگرتن و شت بەخشین و نان خواردن و ئاو خواردنەوە و بە دانیشتنەوە و ووتنی (بسم الله) لە سەرەتادا و ووتنی (الحمدلله) لە كۆتای دا .

٢- ڕاهێنانی منداڵ لەسەر پاك وخاوێنی و كردنی نینۆكەكانی و شتنی دەست لە پێش نان خواردن و دوای نان خواردن هەروەها فێری خۆپاكردنەوە بكرێت و جل و بەرگی خۆی پیس نەكات .

٣- بە هێمنی و لەسەرخۆی ئامۆژگاری كردنیان بە شێوەیەكی بێ دەنگ و نەشكاندن و ناو زرنگاندنی لەبەر چاوی خەڵكی دا ئەگەر هەڵەی كرد .

٤- فەرمان كردن بە منداڵ لە كاتی بانگ دان دا بە بێ دەنگی و وەڵام دانەوەی بانگ بێژ .

٥- بۆ هەموو منداڵێك جێگەیەكی تایبەتی خۆی بۆ دابین بكرێت ، ئەگەر دەسەڵات نەبوو ئەوا هەركەسە و بەتانی خۆی جیابێت وە باشتر وایە كە ژوورێك بۆ كچان و ژوورێك بۆ كوڕان دابین بكرێت .

٦- فێربكرێت پیسی لەسەر ڕێگا و سەرجادەكان فڕێ نەدات و ئەگەر شتی بینی فڕێ درابوو لای ببات .

٧- ووریاكردنەوەی لە هاوڕێ ی خراپ و چاودێری كردنیان لەوەی كە نەوەستن لەسەر جادە و كۆڵانەكان .

٨- سلاْوكردن له مندالاْن لەناو مالْ و له ڕێگا و له كاتی بینینیان بەشێوەی (السلام علیكم ورحمة الله) .

٩- ئامۆژگاری كردنیان بەوەی كه چاك بن لەگەلْ دراوسیْ و ناڕەحەتیان نەكەن .

١٠- ڕاهێنانی مندالْ لەسەر ڕێزگرتنی میوان و خزمەت كردنی بەو شێوەی كه شایستەیە .

ئارام گرتن لەسەر مردنی مندالْ :

پێویسته له كاتی مردنی مندالْماندا ئارام بگرین و ڕازی ببین به قەدەری خوای گەوره و ناشكوری و هاوار و دۆعای شەڕ نەیەت بەسەر زوبانماندا وه تێبگەین كه مندالْ ئەمانەت و موڵكی خوایه و كەی بیەوێت وەری دەگرێتەوه هەربۆیه ئیمانداری تەواو ئەو كەسەیه كه له یەكەم ساتەكانی مردنی مندالْەكەی دا ئارام دەگرێت و كارێك ناكات كه خوای گەوره پیْ ی ڕازی نەبێت ، ڕاسته مردنی مندالْ ناڕەحەته و ناخۆشه بەلاْم ئارام گرتن لەسەری خێر و پاداشتی زۆری هەیه :

١. پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت : ((لا يموت لأحد من المسلمين ثلاثة من الولدفتمسه النار إلا تحلة القسم .)) أخرجه الشيخان و البيهقي (٤\٦٧) عن أبي هريرة.

واته : هەر موسوڵمانێك سیْ مندالْی بمرێت ئەوا ئاگری دۆزەخ بەر جەستەی ناكەوێت ئەوەندەی ئەوه نەبێت كه خوای گەوره سوێندی لەسەر خواردووه

. چونكه خوای گەوره سوێند دەخوات و دەفەرمووێت : ﴿ وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ﴾مريم: ٧١

واته : هەموو كەسێك هەردەبێت بە جەهەننەمدا تێ بپەڕێت . یەكێك له خێزانەكانی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی چۆن هەموو كەسێك دەبێت بەناو ئاگری دۆزەخدا تێ بپەڕێت چۆن خوای گەوره سوێند لەسەر شتی وا دەخوات ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: مەبەستی خوای گەوره ئەوەیه هەموو كەس دەبێت بەسەر ئەو پردەدا بڕوات كه بەسەر جەهەننەمدا دروست كراوه و دەتگەیەنێتە بەهەشت كه موسوڵمان بەسەر پردەكەدا تێ پەڕی و چووه ئەو بەرەوه ئەوا سوێندەكەی خوای گەوره دێتە جێ ، بەلاَم بێ باوەڕ دەكەوێتە خوارەوه بۆ ناو جەهەننەم .

٢. هەروەها دەفەرمووێت : ((ما من مسلمين يموت لهما ثلاثة من الولد لم يبلغوا الحنث إلا أدخلهم الله و أبويهم الجنة بفضل رحمته ، قال : و يكونون على باب من أبواب الجنة فيقال لهم : ادخلوا الجنة فيقولون حتى يجئ أبوانا ، فيقال لهم ادخلوا الجنة أنتم و أبواكم بفضل رحمة الله .)) أخرجه النسائي (٢٥٦\١) و البيهقي (٦٨\٤) و غيرهما بسند صحيح على شرط الشيخين .

واته : هەر موسوڵمانێك سێ منداڵی بمرێت وه نەگەیشتبنه تەمەنی باڵغ بوون ، ئیللا خوای گەوره دایك و باوكی ئەوسێ منداڵه دەخاتە بەهەشتەوه به ڕەحم و بەزەی خۆی ، بەو منداڵانه دەوترێ : بڕۆنه ناو بەهەشتەوه ، ئەوانیش له بەردەم یەكێك له دەرگاكانی بەهەشتدا وەستاون وه دەڵێن

ناڕۆینە ناو بەهەشتەوە هەتا دایك و باوكمان نەیەن .ئنجا پێیان دەوترێ : بڕۆنە بەهەشتەوە خۆتان و دایك و باوكتان بە فە ضل و ڕەحمەتی خوای گەورە .

٣. ((أيما امرأة مات لها ثلاثة من الولد كانوا حجابا من النار، قالت امرأة واثنان ؟ قال واثنان)) أخرجه البخاري (٣\٩٤) و مسلم و البيهقي (٤\٦٧) عن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه .

واتە : هەر ئافرەتێك سێ منداڵی بمرێت دەبنە پەردە و بەربەستێك لە نێوان ئەو ئافرەتە و ئاگری دۆزەخ ، ئافرەتێك لەوێ دا بوو ووتی : ئەی ئەگەر دوو منداڵی بمرێت ؟ فەرمووی : ئەگەر دوو منداڵیشی بمرێت .

بەڵام با چاك بزانین ئەم خێر و پاداشتە گەورەیە بۆ ئەو كەسانەیە كە ئارام دەگرن لەسەر مردنی منداڵیان و كارێك ناكەن كە خوای گەورە پێ ی ناخۆش بێت .

و صلى الله وسلم على نبينا محمد و على اله و صحبه أجمعين.

پێڕستی بابەتەکان

بابەت **ژمارەی لاپەڕە**

١- پێشەکی ٣
٢- بەشی یەکەم: ئەو شتانەی کە لەپێش وە لەکاتی
لەدایك بوونی منداڵدا هەیە ٦
٣- فەرمانی شەرع بۆ زۆر خستنەوەی نەوە ٧
٤- نهێنی یەکەم قیژە و گریانی ساوای لە دایك بوو.............................. ٨
٥- مژدەدان بەو کەسەی چاوەڕێ ی منداڵ دەکات.............................. ٩
٦- ووتنی بە دایکی کوڕ بیت ووتەی سەردەمی نەفامەکان بووە ١٠
٧- دوو پرسیاری کرنگ
* پرسیاری یەکەم ١١
* پرسیاری دووەم ١٢
٨- بەشی دووەم: ئەو کارانەی کە لە یەکەم ڕۆژی
لەدایك بوونی منداڵدادەکرێت ١٥
٩- شیرین کردنی مەلاشووی ١٧
١٠- سوودی مەلاشوو شیرین کردن ٢٠
١١- بانگدان بە گوێ ی منداڵە لەدایك بووەکە.............................. ٢١
١٢- بەشی سێ یەم: ئەو کارانەی کە پێویستە لە ڕۆژی
حەوتەمدا جێ بەجێ بکرێت ٢٧
١٣- گوێزەبانە.............................. ٢٩
١٤- واجبێتی گوێزەبانە.............................. ٣١
١٥- بۆچوونی زانایان.............................. ٣٢

١٦- ژمارەی ئەو حەیوانەی کە بۆ کوڕ و کچ سەردەبڕێت ٣٦
١٧- ئایا بۆ گوێزەبانە بێجگە لە مەڕ و بزن ئاژەڵی تر دەبێت ٣٩
١٨- کاتی سەربڕینی ئاژەڵەکە.. ٤١
١٩- بەمەرج نەگیراوە ئەوکەسەی کە گوێزەبانەکە
دەکات حەیوانەکە بە دەستی خۆی سەربڕێت ٤٢
٢٠- کێ دەبێت هەستێت بە گوێزەبانە ٤٢
٢١- هەبوونی توانای لە ئەنجام دانی گوێزەبانە........ ٤٣
٢٢- ئایا ڕۆژی حەوتەم لە یەکەم ڕۆژی لەدایك
بوونی منداڵەوە حساب دەکرێت ٤٥
٢٣- دروستە پیاو یاخود ئافرەت گوێزەبانە بۆ خۆی بکات........ ٤٥
٢٤- واتای ووشەی (مكافئ) چی یە ؟ ٤٦
٢٥- قال رسول الله (ﷺ) ((أميطوا عنه الأذى))
نارەحەتی لێ دوور بخەنەوە........ ٤٧
٢٦- قال (ﷺ) ((كل مولود مرتهن بعقيقته))
واتە ئەو منداڵە بارمتەیە هەتا گوێزەبانەی بۆ دەکرێ........ ٤٨
٢٧- تاشینی سەری منداڵی لەدایك بوو........ ٤٩
٢٨- کاتی سەرتاشینەکە........ ٥٠
٢٩- (قزع) حەرامە........ ٥٠
٣٠- بەخشینی زیو بەقەد کێشی قژی لە دوای تاشینی........ ٥١
٣١- دروست نیە بەهیچ شێوەیەك خوێنی
حەیوانەکە بدرێت لەسەری منداڵەکە........ ٥٢
٣٢- یەك لەدوای یەك ئەنجامدانی کارەکان (الترتیب)........ ٥٣
٣٣- چەند حوکمێکی تایبەت بە گوێزەبانە........ ٥٤

٣٤- ناونانی منداڵ.. ٥٦
٣٥- خۆشەویست ترین ناو لە لای خوای گەورە ٥٧
٣٦- دروست نیە بوترێ باوكی قاسم... ٥٩
٣٧- ناوی دڵ تەنگ و ناخۆش.. ٦٠
٣٨- گۆڕینی ناوێك بۆ ناوێكی خۆشتر....................................... ٦١
٣٩- ناونان بەناوی پێغەمبەرانەوە(علیهم السلام)........................... ٦٢
٤٠- كەسێك هاوەڵەكەی بانگ بكات بەناوی خۆیەوە بەڵام یەك
ووشە لەناوەكەی كەم بكاتەوە بەو مەرجەی نەچێتە
بابی ناووناتۆرەوە ٦٣
٤١- ناخۆشترین ناو لەلای خوای گەورە.. ٦٤
٤٢- ئەم ناوانە دروستە مرۆڤی موسوڵمان لە منداڵی بنێت.......... ٦٥
٤٣- ناونان بە ناوی فریشتەكان... ٦٦
٤٤- هەندێك فەرموودەی ضەعیف و مەوضوع
كە دەربارەی ناونان هاتووە.. ٦٧
٤٥- خەتەنە كردن ٦٧
٤٦- ئافرەتیش هەمان حوكمی هەیە.. ٦٨
٤٧- حوكمی خەتەنە كردن.. ٦٩
٤٨- كاتی خەتەنە كردن... ٧١
٤٩- بەشی چوارەم : پەروەردە و فێركردنی منداڵ.............................. ٧٤
٥٠- خوڕەوشتی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ منداڵدا............................. ٧٨
٥١- پەروەردە و فێركردنی منداڵ لەسەرەتای تەمەنی یەوە........................ ٨١
٥٢- تێكەڵ بوون بە دونیای منداڵ.. ٨٢

٥٣- هەستكردنی منداڵ بە هەست و سۆزی دایك و باوكایەتی............... ٨٣
٥٤- خزمەتكردنو بەخێوكردنیانبە دەستو دڵێكی فراوانەوە............... ٨٤
٥٥- جیاوازی نەكردن لە نێوان كوڕوكچدا لەڕووی سۆزو
خۆشەویستی و پێداویستی ڕۆژانە................................ ٨٦
٥٦- چاو كراوەی و شارەزای بەو شتانەی كە دەبێتە هۆی
بنیات نان و ئاڕاستە كردنی منداڵ................................ ٨٨
٥٧- جیاوازی نەكردن لە نێوان منداڵەكانی دا ٨٨
٥٨-ووریا كردنەوەی منداڵ لەو شتانەی كەحەرامە ئەنجام دانی............. ٩٠
٥٩- پێویستە منداڵەكانمان فێری نوێژ بكەین............................ ٩٢
٦٠- جل و بەرگی منداڵان و خۆداپۆشینی كچان........................... ٩٤
٦١- پەروەردەكردن و فێركردنی خوڕەوشتی جوان........................ ٩٥
٦٢- ئارام گرتن لەسەر مردنی منداڵ................................. ٩٦

لەبڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com
هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوویێبوونەوەی ئیمان
imanonekurd@yahoo.com